# یەکبوون

## کوردستان یەک وڵاتە و کوردیش یەک نەتەوەیە و دابەشکراون

گەلاویژی ٢٧١٢ | یەکبوون ژمارە ٢٨ | July : 2012




خۆرئاوا
خۆری هەڵات
خۆر دێتە لات
ئاڵای رەنگینی کوردستانم
دەنەخشێنێ رەنگی نیشتمانم
راپەڕن
گەنج و پیر و لاوی وڵاتم
پێشمەرگە هێزی بە هێزی کوردستانم
گیانی لە پێناو نیشتمانە
ئازایە ، بە باوەرە ، بە ئیمانە
گەلینە یەک گرین لەم وەختە تەنگانە
ئەوەی گرنگە ئازادی کوردستانە

جەلال هانیسی

* دەوڵەتی کوردی خەونی سەرکردەکان و ئاواتی کوردان ........ کامەران کوڵپی.... ...لاپەرەی ٢
* ئاشتی کۆمەڵایەتی وەک پێشمەرج بۆ هاتنەدی بەرژەوەندیی گشتی...... ڕێبوار سیوەیلی ... ... لاپەرەی ٣
* ئەستێرەیەکی پڕشنگدار و بێ ئاوا بوون ............ قادر وریا .......... لاپەرەی ....... ٥
* کوردستان لە سەردەمی رژێمی حەمەڕەزا شای پەهلەویدا ........ سیروان کاوسی .... لاپەرەی ٦
* حەسەن زیرەک ، گەورە دیکتاتۆری گۆرانی و ئاوازی کوردی ...... هیوا رەش ......... لاپەرەی ١٢

# دەوڵەتی کوردی خەونی سەرکردەکان و ئاواتی کوردان



کامەران گوڵپی

لەمێژە دەبیسرێت و دەوترێت کە کورد بە (٧٠٠) ساڵ پێش زایین خاوەنی دەوڵەت بووە.. ئەی باشە نەتەوەیەک خاوەنی مێژوویەکی دێرینی ئاوا بێت بۆ تائێستاش هەر لە بازنەی خەون بینیندا بخولێتەوە، سەبارەت بە دەوڵەتداری وەکو دەوترێت؟

کوردستان ئە ونیشتمانەیە کە هەموولایەک هاوڕاین لەسەر ئەوەی زێدی کوردانە، بەڵام کۆک نین لەسەر ئەوەی کە پارچەپارچە کراوە!

هەموو بڕیارێک پێش پراکتیزەکردنی دەبێت بەرنامەڕێژی بۆ بکرێت و دواتر دەخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە، ماوەیەکە لە راگەیاندنەکانەوە بابەتی دەوڵەتی کوردی وروژێنراوەگوایە (میوەکە پێگەییوە و کاتی چنینەوەی هاتووە) لەکاتێکدا ئێمە رواڵەتی میوەکان سەرسامی کردووین و سەرنجی راکێشاوین نەک تامەکەی، چونکە روخسار و ناوەڕۆک دوو شتی تەواو جیاوازن لە یەکتری؟

لە باشوری کوردستاندا کە هەرێمی خۆشەویستە لە راگەیاندنە فەرمیەکانی دەسەڵاتەوە لەسەر زاری سەرۆکی هەرێم بانگەشەی دەوڵەتی کوردی دەبیسترێت و باس لەسەربەخۆیی کوردستان دەکرێت!

بەڕێزان هەمووان ئاواتمانە کە کاروبارمان لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا خۆماڵی بێت و دووربێت لە پڕکردنەوەی بێگانە، بەڵام ئایا ئێمە بوینەتە خاوەنی ((نەتەوە)) تا باس لە دەوڵەتی کوردی بکەین؟

یاخود توانیومانە کۆمەڵگەیەکی مەدەنی بەرهەم بهێنین؟

یان تاکی کوردیمان بە هزری نەتەوەیی گۆش کردووە؟

کاتێک دەڵێین دەوڵەتی کوردی واتە پایەکانی دەوڵەتەکەمان دامەزراندبێت و خاوەنی سەرمایەیەکی مرۆیی نیشتمان پەروەربین کە لەگەڵ یەکەم رووبەڕووبوونەوەمان دوای راگەیاندنی دەوڵەتەکەمان توشی شکست و توانەوە نەبین بەرامبەر بە دوژمنانمان و نەیارانی دەوڵەتی کوردی؟

ئێستا ئەوەندەی بەندە شارەزا بم دەبێت هەموو تاکێکی کوردی ئەم پرسیارانەی هەبێت بۆ دەسەڵات سەبارەت بە دەوڵەتداری/ لەبواری پەروەردەکردن و هوشیارکردنەوەی تاکی کوردیدا تاچەند دەسەڵاتی کوردی سەرکەوتوو بووە لە راهێنان و ئاودێرکردنی بیری تاکەکانی کۆمەڵگە بەبیری نیشتمانی و نەتەوەیی؟

لەکاتێکدا هەرێم خاوەنی مەکینەیەکی ئیعلامی گەورەیە و دەکرا لەگەڵ ریکلامە بازرگانیەکاندا ریکلامێکی نەتەوەیی هەبێت و هاوڵاتیانی ئاگادار بکردایەتەوە لە هەستی کوردبوونیان و زەوتکرانی مافی نەتەوەبوون لێیان لە لایەن ناحەزانیەوە!

بێگومان ئەگەر پلەبەندی بۆ بکرێت ئەوا ئەنجامەکە زیرۆ واتە سفر دەردەچێت، چونکە دوای ئەم هەموو ماوەیە لە خۆبەڕێوەبردنی خۆماڵیدا ئەم بۆشاییە بە زەقی دیارە و نکوڵی لێناکرێت...

بەڵام کاتێک ئەم پایە گرنگەی دەوڵەتداری فەرامۆش کراوە چۆن دەتوانین باس لە دەوڵەت بکەین...

پێچەوانەکەی راستە ئەگەر بتەوێت حزبێکی نوێ رابگەێنیت ئەوا لە ماوەی یەک هەفتەدا دەتوانرێت سەدان کادیر و ئەندامی بۆ پەیدا بکەیت! بۆ چونکە ئێمە کارمان لەسەر ئەم لایەنە بە باشی کردووە و پسپۆریمان هەیە لەو بوارەدا!

لە بواری کۆمەڵایەتیدا ئەوەندەی کار لەسەر تۆخکردنەوەی (عەشرەت، ئێڵ، تایفە، هۆز و...هتد) کراوە هێندە سود لە تواناکانی گەنجانی ئەم نەتەوەیە وەرنەگیراوە بۆ پەرەپێدانی رێز و خۆشەویستی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگای کوردی؟

دەکرا لەژێر چەتری یەک نەتەوەییدا رۆلەکانی دوای راپەڕین رابێنین لەسەر فەرهەنگی یەکتر خوێندنەوە و نەگۆڕی کێشە رەواکەی گەلەکەمان لە هەرچوارپارچەدا نەک راهێنانی نەوەی نوێ لەسە رکلتوری (ئۆخەی ئۆخەی هەرکەس بۆخۆی)!

لە بواری مافی هاوڵاتیبووندا کام برگەی یاسایی هەیە مافی منداڵێکی ئەم هەرێمەی دابین کردبێت هەموو نوسینێکیش بەڵگەی دەوێت من یەک نمونە دەخەمە پێش چاوی بەڕێزتان (منداڵێکی ئەم هەرێمە دەوڵەمەندە لەلایەن حکومەتی خۆماڵیەوە تەنها دە هەزار دیناری چاپی بۆ بڕاوەتەوە پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە کام منداڵە باوکی زۆر هەژار و نەدارە لەماڵێکدا تەنها بۆ کڕینی دایبی و شیرەکەی پێویستی بە حەفتا هەزار کەمتر هەیە؟

نازانم ئەمە کام سەردەمە ئێمەی تیادەژین ئەو لیژنەیەی ئەم برە پارەیەی دیاری کردووە ئەگەر بە چاوی گێل و نەفام سەیری هاوڵاتیانی خۆی نەکات ئەدی وەڵامماں بدەنەوە ئێوە شارەزا و ئێمەش نەزان؟

لە بواری سەروەری یاسا و مافەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا بە پێی راپۆرتی رێکخراوە نێودەوڵەتی و ناحکومیەکان و دوا ڕاپۆرتیش ڕاپۆرتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکایە کە هەرێم پشکی شێری هەیە لە پێشێلکاریەکانی مافی ئازادی ڕادەربڕیندا؟

هەر وەک رۆژنامەنوسی بووەتە کارێکی زۆر مەترسیدار و کارێکە زۆرترین ئیهانە و سوکایەتی پێکردنی بەرامبەر دەکرێت لەکاتێکدا ئەگەر رۆژنامەنوس ئازاد نەبێت کۆمەڵگا دەست بەسەرە!

لە بواری دابەشکردنی پۆست و پێگە هەستیارەکاندا هێشتا بە نەفەسی دوو حزبی و رێکەوتنی ستراتیژی کەسەکان دیاری دەکرێن بەشێوەیەک لە کەرکوکدا دوو ئاسایشی و دوو حزبی بوونی هەیە لەکاتێکدا دەکرا لەبەر داخستنی دەمی ناحەزان بە میللەتەکەمان لەو شارەدا ئەگەر بۆ ماوەیەکی دیاری کراویش بێت خۆمان لە کلتووری دوو ئیدارەیی بەدوور بگرین، چونکە ئەو شارە سەنگی مەحەکی ڕاستگۆیی کوردە لەداهاتوودا!

لە بواری کۆمەڵگەی مەدەنیدا چ باسە؟

کاتێک دەوترێت کۆمەڵگەی مەدەنی واتە سەرکردە و بەرپرس نابێت جیاوازبن لە ژیان و گوزەراندا و ژیانی هاوڵاتییەک یەکسانە بە ژیانی سەرۆک؟

بەندە خاتوو میرکڵم بینی لە مارکێتێکدا شتی دەکڕی جگە لەخۆی و دوو فریشتەی سەرشانی کە لەگەڵیدابوون کەسێکی ترم بەدی نەکرد، بەڵام لێرە لەگەڵ سەردانی بەرپرسێک بۆ شوێنێک یاخود بۆنە و یادێک تەواوی رێگاوبانەکانی ئەم وڵاتە بە پاسەوان دەتەنرێت و ئم هەرێمەی کە شامی شەریفە لەچاو ناوچەکانی تری عێراقدا لە سەرۆک و بەرپرسانی هەرێم دەکرێتە ئەفغانستان و مۆڵگەی تیرۆر گوایە ژیانیان لە مەترسیدایە (باشە ئەگەر بەرپرس لە ژیانی خۆی دڵنیا نەبێت ئەی ئەو بەرپرسی کێیە)؟

لە بواری دیموکراسیدا و هەڵبژاردنەکاندا هەمووی واراهێنراوە کە رقمان لە یەکتر بێت و چاو لە یەکتری سور دەکەینەوە، نمونەیەکی زیندوو کە بەرامبەر بەندەکرا لە رۆژی هەڵبژاردنەکاندا خۆم و خێزانم چوین بۆ لای ئەو پاسانەی کە تایبەت بوون بە گواستنەوەی دەنگدەران، بەڵام کاکی شۆفێرکە بینی خێزانم باڵاپۆشە راستەوخۆ وتی ئەم پاسە تایبەتە بە دەنگدەرانی لیستی دەسەڵات لەکاتێکدا خێزانم خوشکی شەهیدی سەنگەرە!

کاتێک باس لە دەوڵەت دەکەین دەبێت بە جوانی بناغەکەیمان دارِشتبێت و ئاسۆکانی دیاری بکرێت نەک بە شیوەیەک پەلەی لێبکەین دواتر بە دەستکەوتێکی حزبی بێتە ئەژمار و مەبەستەکانی نەتەوەکەمان لێ ئاوەژو بکات...

دەبێت بزانرێت کە شێوازی دەوڵەتەکەمان ( پەرلەمانیە یان کۆماری یان فرەیی یان جێنشینی) ئەمانە دەبێت یەکلایی بکرێنەوە ئەوکات هێڵە گشتیەکان دیار دەبن و وەک مەتەڵی ئەم داهاتە زەبەلاحەی لێنابێت ئێستاش کەس نایزانێت؟

هەرکات توانیمان لەسەر پەیرەو و پرۆگرامی دیموکراسی خۆمان راهێنا و تاکی ئەم هەرێمەمان بە ئاوی دیموکراسی کۆشکرد ئەوا دەکرێت باسی دەوڵەت لە راپرسێکی جەماوەریدا بریاری لەسەر بدرێت...

راگەیاندنی دەوڵەت زۆر شتی لێمان دەوێت لەوانە دەبێت ئەو ترسە برەوێنرێتەوە کە مەترسی دەرەکیمان لەسەرە و لە جێگای ئەو ترسە باوەڕبوون بە خود و پێگەیاندنی کادیری چالاک لە بواری کۆمەڵگەی مەدەنیدا...

هەرکات پایەکانی دەوڵەت تەواو جێگیر کران کە بەدیهێنان و دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و یەکسانە دوور لە توندوتیژی و خۆسەپاندن و حزبایەتی ئەوکات دەکرێت بوترێت دەوڵەتمان دەوێت.

چەتر پرێس

## ئاشتیی کۆمەڵایەتی، وەک پێشمەرج بۆ هاتنەدی بەرژەوەندیی گشتی



رێبوار سیوەیلی

ئاشتیی کۆمەڵایەتی پێشمەرجە بۆ هاتنەدی و پایەداریی بەرژەوەندیی گشتی، کە چەترێکە بۆ بەرژەوەندیی نیشتیمانی. پێشمەرجبوونی ئاشتیی کۆمەڵایەتی لەو ناچارییەوە هاتووە، کە تاکەکەسەکان پێویستییان پێیەتی بۆ متمانەکردن بە ئاشتی، کە پارێزەری بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیانە. چونکە تەنیا لە رێگەی متمانەکردن بە ئاشتییەوەیە، کە تاکەکەس هەست بە دەستنیشانکردن و بینینەوەی بەرژەوەندییە بچووک و گەورەکانی ناو ژیانی خۆیەتی و چێژ دەبێتە بەشێک لە ژیانی کردەیی و تیۆری. ئەوەی بیری لێدەکاتەوە، قورستر و پڕ ئەرکتر نیە لەوەی شیاوی ئەنجامدانیەتی و ئەوەی ئەنجامی دەدات لە بەرژەوەندیی خۆیدایە. بۆیە ئاشتی وەک چەمک و وەک پانتایی ژیان، کە ئەو تیایدا هەڵبژاردنی دروست ئەنجام دەدات، لەلای تاکەکەس وەک پێویستییەکی ناخەکی، مانا پەیدا دەکات. ئەم چێژە لە ئاشتی و لە بیرکردنەوەیەکی پۆزەتیڤانە لە ژیان و لە ئەنجامدانی ئەو کاروبارانەی کە بەرژەوەندیی تایبەتی تاکەکەسیان تێدایە، مانا بە ژیانی تاک دەبەخشن.

بەمجۆرەش ئاشتی وەک شێوازێک لە ژیانی تاکدا دەبێتە دڵنیایی و گەرانت، تا لە میانەی هەوڵدانیدا بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆی، لە گەیشتنی بە مانای ژیان، لە دەستنیشانکردنی ئەو چێژەی ئەو لە بیرکردنەوەی و لە کارەکانی وەریدەگرێت، بۆی ببێتە پێشینە و هاندەر تاکو لە خۆپەرستی و خۆویستییە غەریزەییەکانی بپەڕێتەوە و مانای ژیانی خۆی بە بیرکردنەوە لە ژیانی ئەوانیتر و ژیانی هاوبەش، فراوانتر بکات.

هەڵبەتە لە مرۆڤدا هەمیشە مەیلێکی خۆبەخشانە، خۆویستانە، چاکەخوازانە، نابەرژەوەندخوازانە هەیە کە هانیدەدات بۆ ئەنجامدانی ئەو کار و ئەرکانەی بە پلەی یەکەم بەرژەوەندیی ئەوانیتری تێدایە، نەک خۆی. بەڵام ئەم مەیلە بەپێی ئەو سیستەمە سیاسی و کۆمەڵایەتیە حاکمەی کە هەیە، خۆی بەرجەستە دەکات. لەو سیستەمە سیاسی و کۆمەڵایەتیانەدا، کە تاکەکەس وەکخۆی بواری خۆ سەلماندنی هەیە و هەلەکانی خزمەتگوزاریی گشتی جێگەی دەستخۆشین، ژمارەی ئەو کەسانەی مەیلی ئەنجامدانی کردەی نابەرژەوەندخوازانەیان هەیە، زیاتر دەبن. چونکە ئەوان هەمیشە ڕووبەڕووی دەستخۆشی و هاندان و پاداشتی مادیی و مەعنەوی و رەمزی، دەبنەوە و دەوڵەت و کۆمەڵگا دەستخۆشییان لێدەکەن.

*به بڕوای ئەریستۆتالیس،* حکومەتی باش لەو جۆرەیە کە دەتوانێت، دادوەری پیادە و جێبەجآ بکات. دادوەری پێشمەرجی وەدیهاتنی ئاشتی و پارێزەری بەرژەوەندیی گشتیە. ئەوانەی بەرژەوەندیی گشتیی دەپارێزن، ژیانێکی ئاشتیانەی سیاسی و لە ڕووی کۆمەڵایەتییشەوە، پێکەوەژیانێکی هاوڕێیانە دەژین، چونکە لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا، هاوڕێیەتی جێگەی دادوەری دەگرێتەوە. بەمجۆرەش سیستەمێکی سیاسی دادپەروەر و سیستەمێکی کۆمەڵایەتی بیناکراو لەسەر بنەمای هاوڕێیەتی، زامنکەری بەرژەوەندیی گشتی مرۆڤەکانە، کە بێگومان بەرژەوەندیی نیشتیمانی یەکێکە لەوانە. بەمجۆرەش لە ڕوانگەی ئەریستۆتالیسەوە، ئەو حکومەتەی بتوانێت، کاروباری سیاسیی وڵات لەسەر بنەمای دادوەرییەوە بەڕێوە ببات و لە ئاستی کۆمەڵایەتیشدا، هاوڕێیەتی ببێتە بنەمای پەیوەندییە نێوان مرۆییەکان، ئەوە حکومەت و کۆمەڵگایەکی باشمان هەیە، باش بەو مانایەی کە هەردوو لایەنی تاک و کۆمەڵ و حکومەت و هاووڵاتی دەتوانن لە پاراستنی بەرژەوەندیی گشتیدا بەشدار بن.

حکومەتە ستەمکار و تاکڕە و هەندێجار حکومەتی دەستەبژێرەکانیش ناتوانن ئەم پەیوەندیی و زەمینەیە بپارێزن. هەر بۆیەشە لە سایەی ئەوجۆرە حکومەتانەدا، ئاڵۆزیی ڕوو لە کۆمەڵگا دەکات و هەرکەس بەدوای بەرژەوەندیی خۆیەوە دەبێت، بەبآ ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی گشتی. هۆکاری سەرەکی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ جۆری سیستەمە سیاسییەکە، لەلایەکەوە چ تاکە سەروەر، یان ستەمکار، یان دەستەی هەڵبژاردە بەوجۆرە ڕەفتار لەگەڵ هاووڵاتیاندا دەکەن، وەکئەوەی ئەوان ڕەعیەت و کۆیلە بن. ئەم ڕەفتارەش مافی ئەوە لە خەڵک دەستێنێتەوە، کە خۆی وەک خاوەنداری ژیانی خۆی تەماشا بکات. بۆیە ئەگەر نەشتوانێت بە ئاشکرا و لە ڕێگەی ئامرازەکانی دیکەی بەرگریکردن لە خۆی (شۆڕشکردن، کودەتا، یاخیبوون و هتد)، داکۆکی بکات لە بەرژەوەندییەکانی، ڕێگا شاراوەکانی بەرگریکردن لە خۆی دەگرێتە بەر. بۆیە هەرکات، لادانە کۆمەڵایەتییەکان (دزی، ڕیشوەخۆری، گەندەڵی، مەسرەفگەرایی لە ڕادەبەدەر و تۆڕەکانیتری یاخیبوونی کارگێڕی، وەک: پەکخستن، واسیتە، ڕاییەکردنی کاروبارەکان و هتد) دروستدەبن، ئەوە ئەم دۆخە چەندە پێناسەی هاوڵاتیانی خۆویست، نابەرپرسیار و لادەرمان بۆ دەکات، ئەوەندەش چییەتی ئەو سیستەمە سیاسییەمان بۆ ئاشکرا دەکات، کە لەو دیو هەموو گەندەڵبوون و شیرازەتێکچوونێکی کۆمەڵایەتییەوەیە. بەمجۆرەش ئەمجۆرە سیتەمە سیاسیانە، مرۆڤ لە کۆمەڵگادا دەخەنەوە سەر ڕێچکە غەریزەییەکانی و لەناو مەیل و تەماعە خۆویستەکانیدا نغرۆی دەکەنەوە، بە جۆرآ کە نەتوانێت چێژ لە ژیانی خۆی ببینآ و ئەوانیتریش نەک هەر بە هاوڕێی خۆی و هاوبەرژەوەند نازانێت، بەڵکو ڕێک بە پێچەوانەوە وەک نەیار و دوژمن تەماشایان دەکات.

**بۆیە بەدیلی ڕۆسۆ،** بۆ فۆرمە نەریتییەکانی دەوڵەت و حکومڕانی، ویستی گشتییە. ویستی گشتی ئەو بڕیارە سەرجەمگیرەی هەمووانە کە دەبێتە بنەمای پەیمانی کۆمەڵایەتی. داهێنانی گەورەی ڕۆسۆ ئەوەیە کە دەوڵەت ملکەچی ویستی گشتی دەکات، نەک ویستی گشتی بکاتە پاشکەوتەی دەوڵەت. کاتێک هەمووان بە ویستی خۆیان ڕێکدەکەون و ویستی خۆیان دەکەنە بەشدار لە پێکهێنان و بەرجەستەکردنی ویستی گشتیدا، ئیتر ئەوە دەوڵەتە کە پێویستە ئەم ویستە گشتییە، کە لە هەمانکاتدا ویستی هەموانە، لە بواری پراکتیکدا بەرجەستە بکات. لەگەڵ ئەوەشدا، ویستی گشتی، بە مانای ڕەچاوکردنی ویست و بەرژەوەندیی تایبەتی هەمووان نیە، بەڵکو ئەم ویستە لەوەدا گشتییە، کە هەموان لە پێکهێنانیدا بەشدارن بەبێ ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی تایبەتی خودی خۆیان. ئەمە بەشداریی هەمووانە لە وەدیهێنانی چاکەی گشتیدا و ڕەنگدانەوەی هووشیاریی هەموانە لە ئاست بەرژەوەندیی گشتیدا. ئەمە ساتەوەختی بەرجەستەبوونی ویستی هەموانە بۆ وەدیهاتنی چاکەی هەموان. یاخود دەتوانرآ بگوترآ، ویستی گشتی ویستی یەکبەیەکی هاووڵاتیانە کاتآ چاکەی گشتیی و بەرژەوەندیی گشتی لەبەرچاو دەگرن، نەک هەر تەنیا بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان. بەم پێیەش، ویستی گشتی کاتێک پێکدێت، کە هەمووان توانای چاوپۆشینیان لە بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان لەبەرامبەر بەرژەوەندیی گشتیدا هەبێت. لەبەر ئەوە بەرژەوەندیی گشتی بەرجەستەبووی دۆخێکە کە تیایدا هووشیاری گشتی خەڵک لەبەرامبەر ئازادی و لەبەرامبەر چاکەی گشتیدا، باڵادەست بێت و تاکەکەس لە ڕووی دەروونی و کولتوورییەوە، توانای پەرینەوەی لە بەرژەوەندییە خۆپەرست و غەریزەییەکانی هەبێت، بۆ ئەوەی بەشداریی لە پێکهێنانی ویستی گشتیدا بکات، کە هەم ئەو وەک تاکەکەسێک دەکاتە ئەندام لە ناو پەیمانێکی کۆمەڵایەتیدا و هەم دەیشیکاتە پارێزەری بەرژەوەندیی یان تاکەکەسیانەی خۆی. لێرەدا تاکەکەس، بەو ئەخلاقەی پیشانیدەدات، دەستنیشانی ئەخلاقی سیاسیی دەوڵەت دەکات و دەبێتە پشتیوانە بۆ ئەو پەیوەندییەی کە سیاسەت و ئەخلاق پێکەوە گرێدەدات و ئەخلاق دەکاتە پێشمەرجی دادوەریی سیاسی.

لەبەر ئەوە بەرژەوەندیی نیشتیمانی، یان گشتی، هەم قۆناخێکە لە گۆڕانی باری دەروونی تاکەکان و هەم گۆڕانێکیشە لە بۆچوون و کولتووری سیاسیدا. لە ئاستی تاکەکەسدا، بەرژەوەندیی گشتی ئەو گواستنەوەیە لە دەروونی تاکدا بەرجەستە دەکات کە لە خۆویستی و غەریزە ئاژەڵییەکانییەوە دەیباتە ناو پێگەیشتوویی مرۆیی و ئەقڵانیانەوە. چونکە لە دەستنیشانکردنی بەرژەوەندییە خۆویستانەکاندا هەمیشە بڕیار بڕیارێکی غەریزەیە و غەریزە هەڵگری زۆرترین خۆویستی و خودسەنتەرییە، لەبەر ئەوە مرۆڤ بەم بارودۆخە دەروونییەوە ناتوانێت، لە هزر و بیری بەرژەوەندیی گشتیدا بێت، چونکە لە بنەمای خوێندنەوە سایکۆلۆژییەکەی ئەودا، چەمکی "گشت"، چەمکێکی مەترسیدارە و ئاماژەیە بۆ نەناس و دوژمن لە بەرامبەر "من" و "ئێمە"دا. بەرژەوەندیی گشتی، کاتێک بۆ مرۆڤ بەها و مانای هەیە، کە ئەم مرۆڤە ئەو بارە دەروونیە غەریزەمەندەی جێهێشتبێت و چووبێتە دۆخێکی ئەقڵانیانەی بڕیاردانەوە، کە دۆخێکە تیایدا بەرژەوەندیی و چاکەی گشتی وەک گەرانت و دابینکەری بەرژەوەندیی تایبەت دەبینێت. یان ئەو کاتەی تێدەگات کە بەبآ هەبوونی دۆخێکی گشتی و دڵنیایی و متمانە و ئاسایش، ناتوانێت، بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆی بپارێزێت، گرنگیی بەرژەوەندیی گشتی بۆ ئاشکرا دەبێت و لەوەش تێدەگات کە لە سایەی ئەو بەرژەوەندییە گشتیی و بە بەشداربوون لە دابینکردن و پاراستنیدایە، دەتوانێت سوودمەند بێت. ئەمەش ئەو کاتەیە کە تاکەکەس کاری خۆی وەکئەوەی پێویستە، دەکات، نەک وەکئەوەی گوشار و جەبرێکە لەسەر شانی. لەبەر ئەوە لەم بارەدا ئەو پێویستیی بەوە نیە بەهۆی ئەو کارەی دەیکات، جگە لەو مافەی هەیەتی، داوای شتی تر بکات، یان، کارەکە بۆ ئەوانیتر پەکخات، یاخود پێویستی بە ڕیشوەخۆری هەبێت، یان منەتیان بەسەردا بکات. کە هەموو ئەم بارودۆخانەی تاک خۆی فرێدەداتە ناویان، زیان بە کەسایەتی ئەو دەگەیەنن و بنەماکانی خودبوونی هەڵدەوەشێننەوە و لە جیاتی ئەوەی ژیان و کار و ڕەفتارەکانی بۆی ببنە بنەمای خۆپەروەردەکردن و خۆدروستکردن، بۆی دەبێتە مەیدانی خۆوێرانکردن و لە مرۆڤخستن.

لەلایەکیترەوە، بەرجەستەبوونی بەرژەوەندیی گشتیی، بەبەرژەوەندیی نیشتیمانیشەوە، پەیوەستە بە گۆڕان لە تێڕوانینی سیستەمی سیاسیدا بۆ خەڵک و ئاپۆرە. بەرجەستەبوونی بەرژەوەندیی نیشتیمانی هەر تەنیا بەرهەمی ئەو گۆڕانە کولتوورییە نیە لە تاکدا، کە لە دۆخی غەریزەیی و خۆویستییەوە دەیگوێزێتەوە بۆ دۆخی ئەقڵانیانە. بەڵکو پێویستە نیگا و تێڕوانیی سیاسەتوان و سیستەمی سیاسیش بۆ خەڵک، لەوەی کە وەک ڕەعییەت و کۆیلە و ئاپۆرە تەماشایان دەکات و خۆی لەکاتی پێویستدا بە جووڵەیان دەخات و ئاراستەیان دەکات، بگۆڕێت بۆ تیڕوانینێکی ئەخلاقیانەتر کە خەڵک و ئاپۆرە وەک هاووڵاتیی و هاونیشتیمانی ببینێت، چونکە ئەوانیش ویست و دەسەڵاتی ئاراستەکردنی سیاسەتیان هەیە بەرەو ئەو شوێنەی کە ناکۆکە لەگەڵ بەرژەوەندیی تایبەت و دەستەبژێری فەرمانڕەوایان و کاربەستانیدا.




ئەم گۆڕانە لە تەماشاکردنی دەسەڵاتدا بۆ خەڵک، پرۆسەیەکی سیاسی و کولتوورییە، لە ڕووی سیاسییەوە، پەیوەستە بە پرۆسەی دیموکراتیزەبوونی سیاسی و فرەییەوە، لە ڕووی کولتوورییشەوە، پەیوەستە بە ئامادەیی بە بنەماکانی لێبووردەیی و پەسەندکردنی جۆرەکانی خەباتی مەدەنی و نافەرمانیی مەدەنیی و قەبووڵکردنی جیاوازییەوە. لەم ئاستە کولتووری سیاسییەدایە، کە سیستەمی سیاسی و دەستەبژێری باڵا دەست، دەتوانن لەکاتی جیاوازدا، فۆرمی جیاوازیی ناچاری و گووشار بخەنە سەر هاووڵاتیان بەمەرجآ بیسەلمێنن ئەوەی هاووڵاتیان داوای دەکەن و ئەوەی دەسەڵات دەیخوازێ، ناکۆکە لەگەڵ بەرژەوەندیی گشتی و بەرژەوەندیی نیشتیمانیدا. بەبآ ئەم سەلماندنە، دەسەڵات ناتوانێت بەشێوەیەکی ڕەوایانە و بەهەر بۆنەیەکەوە خەڵک سزا بدات و لە هەمانکاتیشدا بەرژەوەندیی گشتی بپارێزێت. چونکە پاراستنی بەرژەوەندیی گشتی بەبآ تەوافوقکردن لەنێوان دەسەڵات و هاووڵاتیاندا، لەسەر ئەوەی بەرژەوەندیی گشتی چییە، مانای نامێنێت و دۆخی شەڕی متبوو، یان تەقینەوە پەیدا دەبێت. لەبەر ئەوە ئەرکی سەرەکیی هەر سیستەم و دەسەڵاتێکی سیاسیی دیموکراتیک، یان دیموکراتیزەبوو، یان لە حاڵی دیموکراسیزاسیۆندا، ئەوەیە لە هەوڵی بەرجەستەکردنی ئەو ڕێکەوتنەدابێت لەگەڵ هاووڵاتیان لەسەر سنوور و مانای بەرژەوەندیی گشتی. لە دوای ئەمە خەڵک و هاوڵاتیان چۆن لە مەیدانی گشتی و سەراکانی ئازادیی تەعبیر لە خواستەکانی خۆیان دەکەن، مەترسیی بۆسەر سیستەمی سیاسی دروستناکات و تەنیا وەک بەشدارییەکی سیاسی و چالاکییە مەدەنی و تەنانەت نافەرمانیی مەدەنی دەمێنێتەوە، کە هەموو ئەمانەش بۆ نوێبوونەوەی سیتسەمی سیاسی پێویست و ناچاریانەن.

لە وڵاتی ئێمەدا و بە لەبەرچاوگرتنی نافەرمانییە مەدەنییەکان، خۆپیشاندان و توندوتیژییەکان و بە گشتی بە لەبەر چاوگرتنی هەر چالاکییەکی سیاسی و مەدەنیانەی هاووڵاتیان لەبەرامبەر سیتسەمی سیاسی و حاکمەکانی، بۆمان ئاشکرا دەبێت، کە هەردوو گۆڕانەکەمان پێویستە. هەم هاووڵاتیی ئێمە پێویستی بە گۆڕانی بارودۆخە دەروونییە غەریزەمەندییەکەی خۆی هەیە و هەم دەسەڵاتیش پێویستیی بە گۆڕینی کولتووری سیاسیانەی دەسەڵاتداریی خۆی هەیە. بەڵام وەک هەڵسەنگاندنێک، پێویستە ئەوە بە ئاشکرا بگوترآ، کە هاووڵاتیان لە گۆڕین و گواستنەوەیاندا لە دەسەڵاتی غەریزە و عەفەویەتەوە، بۆ دۆخی ئەقڵانیانەی بەشداریی سیاسی و نافەرمانیی مەدەنی، لەچاو چەقبەستویی دیدی حاکمانیی سیاسی بۆ خەڵک، وەکئەوەی ئاپۆرەیەکی ڕامکراو و ملکەچ و ڕەعیەت بن، زۆر لە پێشترن. ئەم دوو گۆڕان و گواستنەوەیە پێویستی و پابەندی یەکترن، چونکە بەبآ لێکحاڵیبوون و ڕێکەوتن لەسەر بەرژەوەندیی گشتی، ئاشتی کۆمەڵایەتی مەیسەر نابێت.

ماڵپەری ڕۆشنگەری

# ئەستێرەیەکی پڕشنگدار و بێ ئاوا بوون

قادر وریا

کۆماری ئیسلامیی ئێران به کەلکوەرگرتن لە نیاز پاکیی حیزبی دێمۆکرات و ڕێبەرەکەی و، باوەڕیان بە چارەسەری ئاشتیخوازانەی کێشەی کورد لە کوردستانی ئێران، مێزی وتووێژ لە گەڵ نوێنەرانی حیزبەکەمانی کرد بە قەتڵگەی ئەوان و هەر بەو کەسانەش کە بە ناوی دیپلۆمات و نوێنەری خۆی بە رواڵەت بۆ وتووێژ ناردبوونی، شەهیدی کردن.



بە شەهید بوونی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، حیزبی دێمۆکرات و گەلی کورد، ڕێبەرێکی بێوێنە و بزووتنەوەی دێمۆکراتیک و شۆڕشگێڕانەی وڵاتەکەشمان سیما و شەخسییەتێکی زۆر بە وەجیان لە دەست دا. دوکتور قاسملوو بە ڕێبەری کردنی مامۆستایانە و سەرکەوتووانەی حیزبی دێمۆکرات و خەباتی خەڵکی کوردستان و، بەو ڕۆڵە کاریگەرەی لە نزیک کردنەوەی هێز و شەخسییەتەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی دا هەیبوو، هەر وەها بەو خزمەتانەی کە بە کەلکوەرگرتن لە بۆعدی ناوچەیی و جیهانیی شەخسییەتی سیاسی و زانستی و خەباتگێڕانەی خۆی، بە ناساندن و بەرەو پێش بردنی کێشەی کورد و خەباتی گەلانی وڵاتەکەی دژی ڕێژیمی ئینسانکوژ و کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی کردبوون ، هەم بۆ قوتابیان و هاوسەنگەرانی، هەم بۆ نەتەوەکەی و گەلانی وڵاتەکەی، ببوو بە سەرچاوەی هیوا و هومێد پێ بەستن. بۆیە سروشتی بوو کە کۆماری ئیسلامی، دوژمنی سەرەکی و دڵڕەشی گەلی کورد، بۆ لە نێو بردنی بە توندی لە هەوڵ دابێ و پەنا بباتە بەر دزێوترین شێوەی لە نێو بردن کە تیرۆریزمە و ناجوانمێرانەترین و بێئەخلاقانەترین نەخشە و پیلانەکان بۆ لە داوخستن و شەهید کردنی، یانی کوشتنی لە سەر مێزی وتووێژی ئاشتی، هەڵ ببژێرێ.




ئینسانە گەورەکان هەر لە ژیان دا گەورە نین، لە مردنیش دا گەورەن. ئەوان ئەگەر لە ژیان دا، خزمەتی گەورە و لەبیرنەکراویان لە دەست دێ و شوێنەواری قووڵ لە سەر ژیان و خەباتی میللەتان و وڵاتانی خۆیان دادەنێن، بە مردنیشیان میللەتێک و وڵاتێک دەهەژێنن و بە میلیۆن ئینسان دەبەنە نێو خەم و ماتەم. بۆ مەرگی قاسملووی ڕێبەر و گەورە مامۆستاشمان " هەزاران پێشمەرگە، دەیان هەزار ئەندامی حیزبەکەی و سەدان هەزار دۆست و لایەنگری ڕێبازەکەی و بە میلیۆن کەس لە ڕۆڵەکانی گەلەکەی غەمیان بە سەر دا باری و فرمێسکیان هەڵوەراند ". ئەو شەهید بوونەکەشی خزمەتی گەورەی بە ناساندنی کێشەی نەتەوەکەی کرد و سەرنجی جیهانی یەکانی بە شێوەیەکی تایبەتی و بێ وێنە بۆ لای ژێر دەستی و بێ بەشیی گەلی کورد ڕاکێشا و شەپۆلێکی بەرینی هاودەردی لە گەڵ گەلی کوردی لە دنیادا وەڕێخست.

١٩ ساڵ لە کارەساتی تیرۆری دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی ڕابردوە. ئەگەر کەسانی دیکە بە تێپەڕینی زەمان، بەرەبەرە تۆزی فەرامۆشییان لێ دەنیشێ و لە بیر دەچنەوە، ئەم ڕێبەرە مەزنە، ناوی، یادی و ڕێبازەکەی هەروا لە گەشانەوە و پڕشنگدانەوە دان. خەمی لە دەستچوونیشی سەرەڕای تێپەڕ بوونی ئەو ماوە زەمانی یە، لە دڵی ئەویندارانی ڕێبازەکەی و ئۆگرانی شەخسییەتە مەزنەکەی دا، نەک هەر کۆن نەبووە، زوو زوو نوێ دەبێتەوە. ئەو هەلومەرجە لەبار و نوێ یەی بە دوای مەرگی دوکتور قاسملوو لە ناوچە و جیهان دا بۆ کێشەی کورد هاتە کایەوە و ئەو هەموو کۆڕ و کۆبوونەوە و کۆنفرانسانەی لەم چەند ساڵەی دوایی دا لە پێوەندی لە گەڵ گەلی کورد دا پێک هاتوون، ئەوانە و هەموو دەرەتانێکی باش کە بە قازانجی بەرەو پێش بردنی مەسەلەی کورد رەخساون، ئێمە و هەموو دڵسۆزێکی کوردیان خستۆتەوە یادی دوکتور قاسملوو و خاڵی بوونی جێگاکەی.

بەو حاڵەش، دەتوانین جارێکی دیکە بە دڵنیایی و شانازی یەوە ڕووی قسەمان بکەینە ئەو ڕێبەرە مەزنە و پێی بڵێین بە ئاسوودەیی بنوو. " لاشت کە سەر دەنێتەوە بیرت هەر دەتەنێتەوە " *. ڕێبازت بەردەوامە و ڕێگات بەر قەرار. قوتابیان و هاوسەنگەرانت بەری ڕەنجی چەندین ساڵەت بە فیڕۆ نادەن. ڕێنوێنی و ئامۆژگاری و نەریتە بەرز و شۆڕشگێڕانەکانت لە بیر نابەنەوە. ئەوان بە ئامانجەکانت وەفادارن و لە ناو و یادی بەرزت، لە خەباتی چەندین ساڵەی پیرۆزت و لە شەخسییەتی مێژوویت هەروا ئیلهام وەردەگرن. ڕێبوارانی ڕێگاکەت و ئۆگرانی ڕێبازەکەت هەر وەک سروشتی خۆت بوو، بە گەشبینی یەوە دەڕواننە ئاسۆی خەباتی گەلەکەیان و، خۆشحاڵن کە لە بیرەوەریی شەهید بوونت دا، مزگێنیت پێ بدەن، ئەو ڕۆژەی بە ئاواتت دەخواست نزیک بۆتەوە. ئێستا کۆمەڵانی خەڵک لە سەرانسەری وڵاتەکەت، لە دژی سەرەڕۆیی و کۆنەپەرستی وبێ مافی هاتوونە مەیدان و بە بەرز کردنەوەی دەنگی بێزاری لە کۆماری ئیسلامی، بناخەکانی ڕێژیمێک کە دەستی بە خوێنی تۆ و دەیان هەزار شۆڕشگێڕ و ئازادیخوازی دیکەی ئێران سوورە، وەلەرزین خستوە.

نەمری و هەزاران سلاو بۆ یادت و بەردەوامی و سەرکەوتن بۆ ڕێبازە پیرۆز و پڕشانازی یەکەت.

* ئیشارەیە بەم شێعرەی مامۆستا هەژار کە لە ئەسڵ دا بەم جۆرەیە :

لاشمان کە سەر دەنێتەوە بیرمان هەر دەتەنێتەوە

ئەم بابەتە لە ژمارە ٢٦٠ ی ڕۆژنامەی " کوردستان " پووشپەڕی ١٣٧٧ ( ژوئیەی ١٩٩٨ ) دا بە بۆنەی نۆیەمین ساڵوەگەری شەهید بوونی دوکتور قاسملوو بڵاو بۆتەوە

# کوردستان لەسەردەمی رژێمی حەمەڕەزاشای پەهلەویدا

سیروان کاوسی

بەشی دووهەم و کۆتایی



شەڕوشۆڕی بەردەوام لەنێوان هێزەکانی حکوومەتی عێراق و هێزی پێشمەرگەی کوردستان و، پشتیوانیی لۆجستیکی رژێمی شا لە شۆڕشی کورد، رژێمی بەعسی عێراقی ناچارکرد، بەنهێنیی بکەوێتە دانووستانی سیاسیی لەگەڵ رژێمی ئێران و، دوای چەند دیدارێکی نهێنیی کە سێ مانگی خایاند، سەرەنجام هەردوو رژێمی ئێران و عێراق لەوڵاتی جەزایر، بەنێوبژیوانیی سەرۆکی ئەوکاتی جەزایر بەناوی هواری بومدیەن، لەرۆژی ٦ی مارچی ١٩٧٥ بەرامبەر بە ١٥ی رەشەممەی ١٣٥٣ی هەتاویی، پەیماننامەیەکیان مۆرکرد کە بریتیبوو لە (٧) مادە و (٥) تێبینیی. هەر لەوساڵەدا رێککەوتننامەکە بەشێوەی فەرمیی بەناوی گرێبەستەکانی نێوان عێراق و ئێران لەلایەن کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پەسندکرا.

پرۆتۆکۆلی (٣) و (٧) تایبەت بوون بە لەنێوبردنی شۆڕشی ئەیلوول و، رێگرتن لە هەر جۆرە جموجۆڵێکی چەکداریی کورد لەهەردوو بەشی باشوور و رۆژهەڵاتی کوردستان بەهاوبەشی و هاوکاریی یەکدیی.

رێککەوتننامەی جەزایر بۆ حەمەڕەزاشا، سەرکەوتنێکی گەورە بوو. چۆنکە بەهۆیەوە توانی کۆمەڵێک داخوازیی سنووریی بەسەر رژێمی عێراقدا بسەپێنێت. لە پێوەندیی لەگەڵ کوردیشدا، ئاشبەتاڵی بەشۆڕشی ئەیلوول کرد و، رژێمەکەی خۆی و، داگیرکەرانی دیکەی کوردستانی سەبارەت بە کێشەی کورد لە وڵاتەکانیاندا ئەرخایەن کرد. هەروەها توانی بەهۆی هاوکاریی گەرموگوڕ و دڵسۆزانەی کاربەدەستانی شۆڕشی ئەیلوولەوە، هێزی چەکدار و رێکخستنی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان (رۆژهەڵات)، پەرشوبڵاوبکاتەوە و زەبری کاری و کوشندەی لێبوەشێنێ و، تۆوی بێهیوایی لەنێودڵی نیشتمانپەروەران و تێکۆشەرانی رۆژهەڵاتی کوردستان و، بەشەکانی دیکەی کوردستان، بەرامبەر بە سەرکردەیەتیی شۆڕشی ئەیلوول بچێنێت.

شەڕی نێوخۆیی لە پێناو بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی حیزبی و، لە قاڵبی رێکخراوی سیاسیی، لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلوولەوە کە دەکاتە پەنجاساڵێک بەر لەئەمڕۆ، بەهۆی دوژمنایەتیی قووڵی نێوان سەرۆک بارزانی و، باڵی مامۆستا برایم ئەحمەد بناخەکەی دارێژرا و، پاش نەمانی شۆڕش و سەرهەڵدانەوەی حیزب و رێکخراوەی نوێی سیاسی و چەکداریی، ئەم دیاردە نگریس و ماڵوێرانکەرە بەشێوەی سیستەماتیک و بەردەوام لەژێر نێو و دروشمی ناکوردانە و نانەتەوییانەدا، دیسان بۆ ئامانجی کەسی و حیزبیی پێرەوکرا و، داگیرکەرانی کوردستان تێگەیشتن، چۆن دەتوانن وەک چەکێکی کاریگەر، لەسیاسەتی "سەرکوتکردنی کورد بەدەستی کورد" کەڵکوەربگرن ...

لەراستیدا کەمایەسییەکی گەورەیە، تاکو ئێستا هیچ توێژینەوەیەکی بابەتانە و زانستانە سەبارەت بە شۆڕشەکانی کورد، بەهەموو تەوەرەکانییەوە نەکراوە و، نووسەری کورد لەبەر گەلێک هۆ، خۆی لەقەرەی ئەم بابەتە گرنگە نەداوە و نایدات. هۆکەشی ئەوەیە، ئازادیی بیروڕادەربڕین، نە لەلایەن رژێمەکانی درندە و داگیرکەری کوردستان و، نە لەلایەنی رێکخراوە و دەسەڵاتی رامیاریی کورد خۆیەوە، نەبووەتە یاسا و کولتوور و پێڕەوە ناکرێت. لەکۆندا بەهۆی ناهۆشیاریی سیاسی و نەتەوەییەوە، بایەخ و گرنگیی بەنووسینەوەی سەربردە و راپەڕینەکان نەدراون، ئەوڕۆکەش، دەسەڵاتی حیزبی و نان و بەرتیل و گولله، رێگرن لەبەردەم، خستنەڕووی زانستانەی بەسەرهاتی راپەڕینە بێئەنجام و خوێناوییەکانمان.



وەنەبێ منیش بەنووسینەوەی ئەم چەند لاپەڕەیە سەبارەت بە شۆڕشی ئەیلوول، بڵێم کاری توێژینەوەم ئەنجامداوە! نا! لێدوان و نووسین سەبارەت بە شۆڕشێکی گەورەی وەک شۆڕشی ئەیلوول، کە لەقۆناخێکی گەلێک هەستیاری جیهانی و، لەگەرمەی "جەنگی سارد" و کێشمەکێشی قووڵی نێوان دوو بلۆکی رۆژهەڵات و رۆژاڤا هەڵگیرسا و، سیاسەتی نێودەوڵەتیی، بەهۆی گرێدراویی داگیرکەرانی کوردستان بەدنیای دووجەمسەرییەوە، لەوسەردەمەدا رێگەی بەسەرکەوتنی راپەڕینی کوردان و سازبوونی دەوڵەتێکی کوردی لەهیچ بەشێکیدا نەدەدا. ئەم راستییەش لەبیرەوەرییەکەی هێنری کیسینگەر (وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لەساڵانی حەفتاکانی سەدەی رابردوو) (٣*) بەباشی رەنگیداوەتەوە و، دانیپێداناوە، کە چلۆن ئەمریکا و شای ئێران و ئیسرائیل و رۆژاڤا بەگشتیی، کورد و کێشەی کوردیان لە پێناو گەیشتن بە ئامانج و ستراتیژی سیاسیی خۆیان بەکارهێناوە، لێ سەرەرای ئەمانە، لاوازبوونی دیپلۆماسی و، ناهۆشیاری سیاسی و نەتەوەیی و، شەڕی نێوخۆیی و، هەڵنەسەنگاندنی زۆرلایەنی نێوخۆیی ودەرەکی و، گرێدراویی شۆڕشەکە بە رژێمی شای ئێرانەوە، پێویستیان بە شیکردنەوەی هورد و بابەتانە وهەمە لایەنتر و پوخت وتێروتەسەلتر هەیە .

بێگومان، کاتێک دەتوانین شیکردنەوەی راست و زانستانە سەبارەت بە شۆڕش، یان بزاڤێکی نەتەوەکەمان لە قۆناخێکی تایبەت و دیاریکراوی مێژووییدا ئەنجامبدەین، کە چاوکانی و پێوانەمان، بەرژەوەندیی نەتەوەیی و ستراتیژی نەتەوەیی بێت. ئەوجا لەوپێداچوونەوە و شیکردنەوەیەدا، هۆکارەکانی هەڵگیرسانی شۆڕش، پێکهاتەی بەرێوەبەرێتییەکەی، پێگە و روانگەی چینایەتی و کۆمەڵایەتیی سەرکردەیەتیی شۆڕشەکە، ئامانج و بەرنامەی سیاسیی رێبەرانی شۆڕش، ئاستی هۆشیاری سیاسی و نەتەوەیی و فەرهەنگیی کۆمەڵگەی کوردەواریی لەوسەردەمەی کە راپەڕینەکەی تێدا بەرێوەچووە، بارودۆخی سیاسیی نێوچەکە و جیهان و گەلێک لایەنی دیکەی نێوخۆیی و دەرەکیی دەگرێتەوە، کە نووسین و ئامادەکردنی هەموو ئەمانە، کاری تاکە کەسێک و دوو کەس نییە و، پێویستی بە کۆمەڵێک مرۆڤی پسپۆڕ و زانا و نیشتمانپەروەر و دڵسۆز هەیە، کە لە نێوەندێکی ستراتیژی نەتەوەییدا کۆبووبێتنەوە و، بووجەی تایبەتیان بۆ دیاریکرابێ و، لەژێر کارکرد و دەستێوەردانی هیچ حیزب و خاوەندەسەڵاتێکدا نەبن، کە ئەمەش بێگومان ئەرکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بوو کە هەڵسێ بەجێبەجێکردنی ئەم ئەرکە گرنگە .

هەرلەو کات و رۆژانەدا کە ساواک و داوودەزگەی سەرکوتی حەمەڕەزاشا، لە رۆژهەڵات راوی پێشمەرگە و شۆڕشگێڕانیاندەکرد و، لە باشووری کوردستانیش بەهاوکاریی ژمارەیەک لە فەرماندە و بەرپرسانی شۆڕشی ئەیلوول، تاک تاک و پۆل پۆل دەگیران و، تەسلیم "ساواک" دەکرانەوە، جموجوڵێکی خوێندکاری و رۆشنبیریی لە شارەکانی رۆژهەڵات سەریهەڵدابوو. دوو هۆکاری نێوخۆیی و دەرەکیی، دەوریان لەو سەرهەڵدانە رۆشنبیرییەدا دەگێڕا :

یەکەم، هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول و دەنگوباس و رووداوەکانی باشووری کوردستان، هەستی نەتەوەیی لەرۆژهەڵات بووژاندەوە. ئەگەرچی رژێمی حەمەڕەزاشا، هەموو هەوڵێکیدەدا تاکو هیچ جۆرە پێوەندی و زانیاریوەرگرتنێک لەنێوان کوردی باشوور و رۆژهەڵاتدا پێکنەیەت، لەگەڵ ئەوەشدا، هاتوچووی بەردەوامی پێشمەرگەی باشووری کوردستان بۆ شارەکانی رۆژهەڵات و، دواندن و پرسیارکردنی خەڵک،

لەشاری تاران، بزاڤی خوێندکاریی لەساڵەکانی ١٩٧٠ - ١٩٧١ بەملاوە، ساڵ لەگەڵ ساڵ زیاتر پەرەی دەسەند. هەر بەو پێیە، دەزگەی "ساواک" یش گرنگی و بایەخی زۆری بە نێوەندەکانی خوێندکاران دەدا و، بەرێگەی سیخورەکانییەوە چاودێریی جموجوڵیانی دەکرد و، پاش دەستنیشانکردن و کۆکردنەوەی زانیاری لەسەریان، دەیانگرتن، پاش لێدان و شکەنجەکردنیان لە زیندان، ماوەی زیندانیبوونیان بۆ دەبڕایەوە. لەماوەی چەند ساڵێکدا، تێکرای ئەندامانی سەرکردەیەتی و ڕێکخستنەکانی ڕێکخراوەی موجاهدینی گەلی ئێران و، ڕێکخراوەی چریکە فیداییەکانی گەلی ئێران و، دوو ڕێکخراوەی ئیسلامیی سەر بە مەلاکان بەناوی "ڕێکخراوەی فداییەکانی ئیسلام" و، "مؤتلفه اسلامی"، لەلایەن "ساواک" وە گیران. سەرکردە و کادرەکانیان گوللەبارانکران، یان لەڕووبەڕووبوونەوەی چەکداریی لەگەڵ هێزەکانی ڕژێمی شا تێداچوون. ئەوانیشیان کە گیران، کەوتە ژێر شکەنجەی دژوار و توندەوە .کۆمەڵێک لە خوێندکارەکوردەکان وەک فواد مستەفا سوڵتانی، شوعەیب زەکەریایی، جەعفەر شەفیعی، برایم وەتەندووست و تەیب ڕوحوڵڵاهی و حەمەحسێن کەریمی و سەید برایمی عەلیزادە و، چەندین کەسی دیکە کە یەکیان دەناسی، بەنهێنیی چەند شانەیەکی ڕۆشنبیریی کۆمۆنیستییان پێکهێنا و، لەکێشەی نێوان چینی کۆمۆنیست و یەکێتیی سۆڤیێتی ئەوکاتدا، ڕێبازی مائۆ سەرۆکی چینیان بەڕەوا زانی و، بوون بەلایەنگری مائۆ. فواد مستەفا سوڵتانی و چەند کەسی دیکە لەمانەی نێومهێنان، گیران و، کەوتنە زیندانەوە. بەهۆی ڕێککەوتنەکەی ساڵی ١٩٧٥ لەنێوان ڕژێمەکانی عێراق و ئێران، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە تازە دوو – سێ ساڵێک بوو شەڕی چەکداریی لەدژی ڕژێمی عێراق ڕاگەیاندبوو، بەرەوڕووی بارودۆخێکی گەلەک دژوار هاتبوو، ڕێگەی هاتوچۆی ئێرانیان لێگیرابوو، سوپای عێراقیش پەیتاپەیتا هێرشیدەکردە سەریان. لەسەر داوای جەلال تاڵەبانی، کۆنەهاوڕێیانی لە بۆکانەوە بڕێکی باش پووڵ و نان و خواردەمەنی و دەوادەرمانیان کۆکردنەوە و، دوو کەس لەهاوڕێیانی ئەم شانە نهێنییە مائۆئیستییە بەناوی دوکتۆر جەعفەر شەفیعی و ساعد وەتەندووست(مامۆستا برایم)، شتەکانیان بردبۆیان و، تاکاتی ڕووخانی ڕژێمی شا، لەنێو بارگە و پێشمەرگەی یەکێتیدا مانەوە .



بەم چەشنە، حەمەڕەزاشا، لەسایی هۆشیاری و تێکۆشێنی ساواک و زەبروزەنگی سوپای داپڵۆسێنەرییەوە، هەموو جموجۆڵێکی سیاسی و ڕۆشنبیری و چەکداریی لە ئێران و لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لەنێو برد و، ئۆپۆزسیۆن و ڕێکخراوەیەکی سیاسی لە گۆڕەپانەکەدا نەهێڵا و، بەدڵنیایی و ئاسوودەییەوە، کوردگوتەنی" :پاڵی لێدایەوە ."!

ساڵی 1976 ، حەمەڕەزاشا لەژێر گوشاری دەوڵەتی ئەمریکا، ڕێیدا بە ڕێکخراوی مافی مرۆڤی جیهانیی سەردانی زیندانەکان بکا و، لەنێزیکەوە لەگەڵ زیندانییەکان بدوێن و لەبارودۆخی نێوزیندانەکان ئاگاداربن، هاوکات ڕێدرا بە نووسینی هێندێک هەواڵ و وتاری ڕەخنەگرانە لەڕۆژنامەکاندا. ئەمەش تارادەیەک کەشێکی سیاسیی تازەی هێنایە پێشەوە، کە ڕۆشنبیران و، نەیارانی سیاسیی ڕژێم، پاش ساڵانێکی زۆر زاتبدەنە سەرخۆیان و، لەڕۆژنامەکاندا بنووسن، یان شەونامەبڵاوبکەنەوە .

ڕۆژی ١٦ی مانگی گەلاوێژی ١٣٥٦ی هەتاوی (٧ / ٨ / ١٩٧٧) بەفەرمانی شا، سەرۆکوەزیران ئەمیر عەباس هۆوەیدا پاش ١٣ ساڵ ، "جەمشید ئاموزگار" لەجێی دانرا. لەڕۆژی ٢٥ی گەلاڕێزانی ١٣٥٦ ، لابرا وسەرکۆماری ئەمریکا جیمی کارتر هاتە تاران و، داوای لەشا کرد مافی مرۆڤ لەوڵاتەکەیدا زیاتر بپارێزێت. شا بەڵێنی چاکسازیی دا، بەڵام بەکردەوە هیچ هەنگاوێکی هەڵنەگرت. لەکاتی سەردانەکەی جیمی کارتردا خۆپێشاندانێکی بەرین لەلایەن خوێندکارانی زانستگەکانی تارانەوە بەڕێوەچوون، کە لەمیدیای دەرەوە دەنگیدایەوە. سەرۆکوەزیران جەمشید ئاموزگار، نەیتوانی هیچ بەرنامەیەکی چاکسازیی ئەنجامبدات، چۆنکە بڕیارەکان ڕاستەوخۆ لەلایەن شاوە دەردەکران و، سەرۆکوەزیران، یان هەر کاربەدەستێکی دیکە دەبوو تەنیا جێبەجێکەری ئەو فەرمان وراسپاردانە بن کە شا دەریاندەکات. خۆپێشاندانەکان سەرەتا لە نێوەندی ئاینی قوم، پاشان لە تەورێز سەریانهەڵدا و، دوای چەند حەفتەیەک وەک پووش و ئاگر بەرەو شارەگەورەکان و شاروشارۆچکە و هەموو نێوەندەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتیی و کرێکاریی تەشەنەی سەند.

## بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدوابالی تەمەنی ڕژێمی حەمەڕەزاشادا

خۆپێشاندان و پەلاماردان بۆ سەر بانکەکان و دەزگە و پێگەکانی سەرکوتی ڕژێم لەپارێزگەی کوردستان (سنە) و، لەپارێزگەی ورمێ، سەرەتا لەلایەن بەشێکی کەم لەخوێندکاران و ڕۆشنبیرانی شۆرشگێڕەوە دەستپێیکرد. بەڵام لە ستانەکانی ئیلام و لوڕستان و کرماشان، بەهۆی ئەوەوە کە زۆرینەی دانیشتوانی ئەو پارێزگانە سەر بە ئاینزای شیعەن، هەر لەسەرەتاوە، مەلاشیعەکان ڕۆڵی گەورەیان لە سازدان و ڕێکخستنی خۆپێشاندانەکان بەئاراستەی بیروباوەڕی ئیسلامیدا گێڕا. لەپارێزگە شیعەنشینەکاندا مەلاکان ولایەنگرانی ئایەتوڵڵا خومەینیی سەرپەرشتیی ڕێپێوانەکان و، جۆری دروشمەکانیان دەکرد و، بەوێنەی شوێنەکانی دیکەی ئێران، لایەنەسیاسییەکانی دی، ناچاربوون لەژێر چەتری پێڕەوانی ئایەتوڵڵا خومەینیدا لە پلانی ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتیدا بەشداربیکەن.

بەڵام، ستانەکانی سنە و ورمێ، بەبەراورد لەگەڵ ستانەکانی دیکەی کوردستان و بە بەراورد لەگەڵ مەڵبەند و شارەکانی ئێراندا جیاوازبوو. زۆربەی مزگەوتی شارەکانی ئەم دوو پارێزگەیە (سنە و ورمێ)، وەکو شارەکانی ئێران، کرابوون بەنێوەندی کۆبوونەوە و باسولێدوانی سیاسی و ڕێخستنی خۆپێشاندانی جەماوەریی، سەرەڕای ئەمەش، هەر لەسەرەتاوە، لەم دوو پارێزگەیەدا ڕۆشنبیرانی چەپ و دێمۆکرات، ڕیزی خۆیان و، تەنانەت مزگەوتی خۆشیان لە ئیسلامیستەکان جیاکردبووەوە. ئەو بەشە لەمامۆستایانی سەربە ئاینزای سوننە و لایەنگرانی ئیسلامی سیاسیی لەکوردستان کە دژایەتیی شایان دەکرد، هێندێکیان لایەنگری مامۆستا شێخ عێزەدین حوسێنی بوون، کە لە شاری مەهاباد دادەنیشت. هێندێکی دیکەش لایەنگری کەسایەتییەکی ئاینیی خەڵکی شاری سنە بوون بەنێوی کاک ئەحمەو موفتیزادە .

شێخ عێزەدین حوسێنی، مامۆستای ئاینی و، خاوەنی بیروباوەڕی ئیسلامیی بوو، لەگەڵ ئەوەشدا مرۆڤێکی دێمۆکرات و ئازادیخواز و نیشتمانپەروەر بوو. لە پەیام و وتەکانیدا باسی یەکێتی و یەکڕیزیی گەلی کوردی دەکرد بە هەموو ئایدۆلۆژی و پێکهاتەجیاوازەکانییەوە. هیچ جیاوازییەکی لەنێوان کوردێکی موسڵمانی خەباتگێڕ و، کوردێکی کۆمۆنیستی شۆرشگێڕدا نەدەکرد. ئەمەش ببوو بەهۆی ئەوەی کە لەماوەیەکی کەمدا شێخ عێزەدین لەنێو ڕۆشنبیرانی چەپ ودێمۆکرات و جەماوەری خوازیاری ئازادیدا خۆشەویست بێ و، لەدەوری کۆببنەوە.

بەپێچەوانەی شێخ عێزەدینەوە، کاک ئەحمەد موفتیزادە کە هەر لەسەردەمی ڕژێمی حەمەڕەزاشاوە، پێوەندیی نێزیکی لەگەڵ ژمارەیەک لە ئایەتوڵڵاکان و مەلاشیعەکانی نەیاری شادا هەبوو، لەگەڵ پەرەسەندنی ئاستی نارەزایەتیی گەلانی ئێران لەدژی ڕژێمی پاشایەتیی، ئەم پێوەندییەی نێوان خۆی و مەلاشیعەکانی توندوتۆڵتر کرد. هێشتا چەند مانگێکی مابوو ڕژێمی پاشایەتیی بەتەواوەتیی هەرەس بێنێ، ژمارەیەک لە مەلاپایەبەرزەکان و ئایەتوڵڵاکان بەنوێنەرێتیی لەلایەن ناوەندەکانی ئاینزای شیعەوە، دەهاتنە کوردستان و، ڕاستەخۆ لەگەڵ کاک ئەحمەد موفتیزادەدا پێوەندییان دەگرت و، پێکەوە پلانیان دادەڕشت، کە ڕووی داخوازییەکانی خەڵکی کوردستانیش وەکو باقی شوێنەکانی ئێران، بەلای داخوازیی ئاینی وبیری ئیسلامیەتیدا بەرن. "ئایەتوڵڵا سەفدەری" بۆ شاری سنە و، "ئایەتوڵڵا جەننەتی" بۆ شارەکانی سەقز و بانە دەستنیشانکران...

ئەحمەد موفتیزادە، بەوەرگرتنی ڕێنوێنی لە مەلاشیعەکانەوە، دووبنکەی سیاسی و چەکداریی لەنێوچە سوننەکانی کوردستاندا دامەزراند و، نێوی "مکتب قورئان" و "کۆمیتەی ئیسلامیی" لێنان. بۆ کۆکردنەوەی مامۆستایانی ئاینیی لەدەوری خۆی، دەستی بەجەولە کرد و، لە ناوچەکانی بۆکان وسەقز و کرماشان و مەهاباد و بانە و مەریوان و کامیاراندا توانی دەیان مامۆستا و فەقێ و لایەنگرانی ئیسلامی سیاسیی بۆلای خۆی ڕاکێشێت. لەلایەن ئایەتۆڵاکانەوە بووجەی تایبەت بۆ خۆی و پێڕەوانی و بۆ بەڕێوەبردنی چالاکییەکانیان بڕایەوە و، ئەو بووجەیە ڕاستەوخۆ لە شاری ئاینیی "قوم" ەوە دەنێردرا بۆیان و، لەنێو پێڕەوانی و چەکدارەکانی بنکەکانی "کۆمیتەی ئیسلامی" و "مکتب قورئان" دا بڵاودەکرایەوە.

هێژای گوتنە، ئەحمەدموفتیزادە و زۆربەی پێڕەوانی و چەکدارەکانی "کۆمیتەکانی ئیسلامیی"، لەدوای ڕووخانی یەکجارەکیی ڕژێمی پاشایەتی و دامەزرانی کۆماری ئیسلامیی، هاوکارییان لەگەڵ ڕژێمی مەلاکانی ئێران درێژەپێدا و، لەکاتی هێرشی سوپا و پاسدارانی ئیسلامیی ئێران بۆ سەر کوردستان، خیانەتیان لەگەلی خۆیان کرد و، بوون بە "جاش .("

حیزبی توودەی ئێران و ڕێکخراوەی موجاهدینی گەلی ئێران و، هەروەها کۆمۆنیستەکانی سەربە ڕێکخراوەی چریکە فیداییەکانی گەلی ئێران لەڕۆژهەڵاتی کوردستان، کەوتنە هەوڵی ئەوەوە کە شانە و ڕێکخستن پێکبهێنن و، لەخۆپێشاندانەکانیشدا چالاکانە بەشدارییاندەکرد

بەشێک لەڕۆشنبیرانی سەر بە هێڵی چەپ، لەشارەکانی سەر بە پارێزگەی سنە و ورمێ، نێوەندێکیان بەنێوی "جمعیت دفاع از آزادی زحمتکشان"، (کۆمەڵەی پارێزگاریکردن لە ئازادیی زەحمەتکێشان) دامەزراند. هەردوو بەرەی ئیسلامی سیاسی و چەپەکان لە کوردستان، واتە "کۆمیتەکانی ئیسلامی" سەر بە ئەحمەد موفتیزادە و، "جمعیت"ی سەر بە کۆمۆنیستەکان، تێدەکۆشین بۆ سەرپەرشتیکردنی خۆپێشاندانەکان و، ببوون بەجێگرەوە و ئالتەرناتیڤی دوای نەمانی دەسەلاتی ڕژێمی پاشایەتیی لە کوردستان. لەبەر ئەوە لەشارەکانی کوردستان – بەتایبەتی لەشارەکانی سنە و سەقز، ئاستی دژایەتیی نێوانیان توندوتیژتر بوو .

لەگەڵ ئازادبوونی ژمارەیەک لەئەندامانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان لە گرتووخانەکانی ڕژێمی شا، بەتایبەتیی دوای ئازادبوونی کارگێڕ و سەرکردەی کۆمەڵە فواد مستەفا سوڵتانی، کۆمەڵە لە چەند مەڵبەندێکی کوردستان وەک مەریوان و سنە و سەقز، "یەکێتیی جوتیاران" ی سازکرد و، هێزێکی چەکداری لێ پێکبهێنان و، لەدژی بەگزادە و فیودالەکان ڕێکیخستن. لەناوچەکانی دیواندەرە و سەقز، شەڕولێکدان لەنێوانیاندا دروستبوو. ڕژێمی تازەدامەزراوی ئیسلامییش سوودی لەم کێشەیە بینی و، پشتگیریی ئاغاوبەگزادەکانی ناوچەکەی کرد و، هێزێکی چەکداری لێ پێکهێنان. درێژەی ئەم باسە پێوەندیی بەناوەڕۆکی ئەم نووسینەوە نییە.

## بارودۆخی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، لەدواساڵەکانی ڕژێمی حەمەڕەزاشادا !

حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، لەنێو نیشتمانپەروەران و، وەچی بەساڵاچوو و بەتەمەنی کوردستان خاوەنی ناوبانگ و پێشینەیەکی گەش بوو. حیزبی دێمۆکرات، لەدوای ڕووخاندنی کۆماری کوردستان و لەسێدارەدانی پێشەوا قازی و کۆمەڵێک لە کاربەدەست و وەزیرەکانی کۆمار، تا کاتی دەستپێکردنی خۆپێشاندانی بەرینی گەلانی ئێران لەدژی ڕژێمی حەمەڕەزاشا، ساڵانێکی دوورودرێژی لەنێو شەوەزەنگ و تێرۆر و دیکتاتۆریی پەهلەویدا تێپەڕ کردبوو. بەهۆی هێرشی ساواک و سوپا بۆ سەر ئەندامان و ڕێکخستن و هێزی پێشمەرگەی حیزبەوە، زەبرێکی کاری وگەورەی لێدرابوو. لەنێوخۆی وڵات، ڕێکخستن و شانە نهێنییەکانی لەدەست دابوو. زۆربەی ئەندامانی لێهاتوو و نیشتمانپەروەر و دڵسۆزی کە لەباشووری کوردستان دەژیان، لەلایەن سەرۆکایەتیی شۆرشی ئەیلوولەوە تەسلیم بە شای ئێران کرابوونەوە، یان تێرۆرکرابوون، یان دوورخرابوونەوە. بەشێکی دیکە لەکادر و



پێشمەرگەی حیزب، لەسایی سەرکردەیەتیی شۆرشی کورد و، دوای هەرەسهێنانی شۆرش، دەستیان لەهەموو شوێنێک دابڕابوو، بەناچاری خۆیان تەسلیم بە ڕژێمی شا کردبووەوە و، وازیان لەچالاکیی سیاسی و حیزبی هێنابوو سەرقاڵی کار و ژیانی ئاسایی خۆیان بوون. چەند کەسێکی دی لەسەرکردەیەتی و کادرەکانی حیزب لە ئوروپا لەوڵاتانی سەر بە یەکێتیی سۆڤێت دەژیان، یان لە بەغدا دانیشتبوون و، چاوەڕوانی قەزاوقەدەریان دەکرد. لەبەر ئەوە لەکاتی پەرەسەندنی خۆپێشاندانی سەرتاسەریی گەلانی ئێراندا، پەرتەوازەیی و هەروەها کاریگەریی ترسوسام و دیکتاتۆریی ڕژێمی حەمەڕەزاشا بەرادەیەک لەسەریان مابوو کە خۆپێشاندانی سەرتاسەریی گەلانی ئێرانیان وەکو ڕووداو و هەڵچوونێکی کاتیی تەماشا دەکرد و لەو باوەڕەدابوون ڕژێمی شا بەرادەیەک بەهێز و خاوەندەسەڵاتە، کە خۆپێشاندانەکان بەهاسانی سەرکوتدەکا و، وەک ساڵانی پێشووتر، دەستدەکاتەوە بەگرتنوکوشتن و لەسێدارەدان. بەکورتی، ڕاپەڕینی گەلانی ئێران سەرتاسەری شار و نێوەندەکانی ئابووری و پیشەیی و کۆمەڵایەتیی گرتبووەوە، بەڵام سەرکردەیەتیی حیزب، لەدوورەوە و، لەڕێگەی ڕادیۆ و ڕۆژنامە و ڕاگەیاندنەکانەوە، چاودێریی ڕەوتی ڕووداوەکانی دەکرد.

لەمبارەوە، کاک عەبدوڵڵا حەسەنزادە سکرتیری پێشووی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، لە پەرتۆکی "نیوسەدە تێکۆشان "لاپەڕە (١٠٩) دا ئاوای نووسیوە:

(ئەوەی ڕاست بێ تەنیا کەس کە بەبێ قەید وشەرت ئامادە بوو بگەڕێتەوە نێوخۆی وڵات و کاری حیزبی بکا خوالێخۆشبوو سید رسوول دهقان (سەید ڕەسووڵ بابی گەورە) بوو. ئەو هەر لەبەهاری ١٣٥٧ دا بەتاقی تەنیا گەڕایەوە کورستانی ئێران و بۆ ماوەی زیاتر لە دوومانگ لەناوچەکانی مەهاباد و نەغەدە و پیرانشار لەنێو خەڵکدا کاری کرد. ... هاوڕێیانی دیکە دوو بەش بوون. بەشێک ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بوون کە بەڕاستی زۆر بەکەمی خۆیان لە کاری عەمەلی دەدا. بە جۆرێک کە هەتا ئاخر و ئۆخری پاییزی ١٣٥٧ ، (دێسەمبەری ١٩٧٨)، نەگەڕانەوە کوردستان. بەهەموو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حەوتوویەک لەنێوخۆی وڵاتدا نەبووبوون...).

حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لەدوای ڕووخانی کۆمار و سەردەمی شۆرشی ئەیلوول، تاکاتی ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتیی لەئێران، لەبری ئەوەی بەروانگەیەکی نەتەوەییەوە یەکێتی و تەبایی نێوان خۆیان بپارێزن و، تێبکۆشن بۆ پێگەیاندنی خۆیان و پەروەردەکردنی کادری حیزبی و، ڕێکخستنی نهێنیی لەشار وگوندەکان، بۆ ئەوەی لەئەگەری سەرهەڵدانەوەی بارودۆخێکی سیاسیی گونجاو، بەئامادەیی تەواوەوە بێنەوەمەیدان و، بەلێوەشاوەیی و ئەزموونێکی زیاتر لەرابردوو، کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتیی وڵاتەکەیان بگرنەوەدەست، کەچی کێشەی نێوان باڵەکانی "مەلایی" و "جەلالی" و لایەنگیری لەحیزبی توودەی ئێرانیان کردبوو بەکێشە وسەرقاڵیی بۆخۆیان و، ساڵانێکی زۆریان بەناکۆکیی نێوخۆیی و، دژایەتیکردنی یەکدییەوە تێپەڕکردبوو. ئەوە بوو کاتێک ڕژێمی حەمەڕەزاشا بەرەو ڕووخان دەچوو، سەرکردەیەتیی حیزب بەسەر بارودۆخێکدا کەوت، کە بەهیچ شێوەیەک خۆی بۆ ئامادە نەکردبوو .

سەرچاوە
Serchawe

سەرکردەیەتیی حیزب لەکۆبوونەوەیەکیدا کە لە شاری بەغدا دەیگرێت، بڕیاردەدات کۆمیتەیەکی تازە پێکبێنێ لەو کەسانەی ئامادەن بگەڕێنەوە بۆ نێوخۆی وڵات و، ناوی دەنێن "کۆمیتەی زاگرۆس". بەڵام پاش گەڕانەوەی ئەم کۆمیتەیەش بۆ نێو شارەکان، بەهۆی لێکدانەوەی هەڵەی حیزب سەبارەت بە بارودۆخی سیاسیی رژێمی شا و ئێران بەگشتیی، بڕیاردەدات لەنێو جەماوەری کورددا بەنهێنیی خەباتی سیاسی بکات .

کاک عەبدوڵلا حەسەنزادە لەم پێوەندییەدا پتر ڕۆناکایی دەخاتە سەر ئەم باسە و، لەلاپەڕەی (١٢٢) ی "نیوسەدە تێکۆشان" دا دەڵێت:

کاتێک بۆ رۆژی ٢ی ڕێبەندانی ١٣٥٧ لە مەهاباد خەڵکمان بۆ ڕێپێوان و کۆبوونەوە لە مزگەوتی سوور بانگهێشتن کردبوو، شەوی دووی ڕێبەندان پێشنیارم کرد، کە بەیانی بچم لەمزگەوتی سوور بەناوی خۆم قسە بۆ خەڵک بکەم، کەچی بەو بیانووەوە کە "زاگرۆس" بڕیاریداوە ئێمە بەنهێنی بژین، دوکتۆر قاسملوو لەگەڵ ویش دا کاک غەنی موافەقیان لەسەر نەکرد. ڕووداوەکان ئەوەندە خێرا دەچوونە پێش کە ئێمە پێیان ڕانەدەگەیشتین. بەتایبەتی کە هەم ماوەیەکی زۆر بوو لە وڵات دوور بووین و هەم بەهێندێ بڕیاری وشک دەست و باڵمان بەسترابوو. بۆیە زۆرم نەگوتوە ئەگەر بڵێم وەختێک ڕژێمی شا رووخا لەڕاستی دا بەسەرمان دا رووخا. چونکە لە هیچ بارێکەوە خۆمان بۆ ئامادە نەکرابوو کادری پێویستیشمان بۆ وەڵامدانەوەی ئەرکەکانی ئەو قۆناخە بۆ پەروەردە نەکرابو کە هیچ، هەر نەشمان بوو .(....

حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، پاش پتر لە سی ساڵ خەباتی نهێنیی، سەرەنجام لەمانگی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٥٧، (١٩٧٩ / ٣ / ٢)، لەشاری مەهاباد میتینگی گەورەی گرت و، دوکتۆر قاسملوو کە لە کۆنگرەی سێیەمەوە ببوو بە سەرۆکی حیزب، لەبەرامبەر دەیانهەزار خەڵکی بەشدار لە کۆبوونەوە جەماوەرییەکەدا، گوتی: "لەمڕۆوە، خەباتی ئاشکرای سیاسی و یاسایی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران دەستپێدەکات ."...

لەگەرمەی خۆپێشاندانەکانی رۆژهەڵاتی کوردستاندا، بەهۆی نزمبوونی ئاستی هۆشیاری سیاسیی خەڵکەوە، زۆربەی ئەو درۆشمانەی دەکەوتنە سەرزار و لەنێو کۆڵان و شەقامەکاندا دوبارە دەکرانەوە، هیچ پێوەندییەکیان بەکێشەی رەوای نەتەوەیی کورد و داخوازییەکانییەوە نەبوو. رۆژ، رۆژی هوتافکێشان و هەڵچوون و دەمارگرژیی بوو لەسەر بیروباوەڕی ناقۆڵا و نەگونجاو بەرامبەر دۆزی رەوای کورد. درۆشمی کۆمۆنیستی و ئیسلامی و راست و چەپ و سووپەرچەپ دەگەیشتنە ئاسمان و ئالای زەرد و سۆر و کەسک و داسوچەکوچنیشان و ئالای ئیسلام بەسەر دەستەوە دەشەکانەوە، بەڵام ئالای کوردستان و، درۆشمی نەتەوەیی، نێوی لە کوولەکەی تەرێشدا نەبوو. لەشارەکان، لەرێگەی هێندێک لەهاوڕێیانی نێزیکی سەرکردەیەتی و لایەنگرانی سەر بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە، گەلێک درۆشم دەکەوتنە سەر زارانەوە لەدژی پارتی و بارزانی و "قیادە موقت"، بێئەوەی خەڵکەکە بزانن، چ ئامانجێک لە پشت ئەو درۆشمانەوەن و، لە سوود و بەرژەوەندیی کێدەدرێن. ئەوەش لەرەوتی خۆیدا رۆژهەڵاتی کوردستان و بزاڤە ساوا و کەمئەزموونەکەی لە ناکۆکییەکەوە وەردا، کە زۆر بە زیانی یەکڕیزیی کورد و بەرژەوەندییەکانی شکایەوە...

چەند مانگێک بەر لەڕووخانی رژێمی پەهلەویی، لە شاری سەقز ڕێکخراوەیەک بەناوی "کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان" دامەزرا. دامەزرێنەری ئەم ڕێکخراوەیە کاک مەلا سەید رەشێد ئەندامی پێشووی سەرکردەیەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بوو. مەلا سەید رەشید لەهاوڕێیانی نێزیکی ئەحمەد تۆفیق و، کەسێک خاوەن بیری نەتەوەیی بوو. ڕێکخراوەکە ماوەیەک لە سەقز و دەوروبەری پەرەی سەند و، توانی دەیان پێشمەرگە و ئەندام لەخۆی کۆبکاتەوە. بەڵام بەهۆی کوژرانی مەلاسەید رەشید لەشەڕی ئاغاکانی ناوچەی دیواندەرەوە و، دژایەتیی توندی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لەگەڵ بوونی ئەم ئەم ڕێکخراوەیە، دوای چەند مانگێک هێزوتوانای خۆی لەدەستدا و، ساڵانێکی زۆر وەک شانەیەکی رۆشنبیریی مانەوە و، هیچ کاریگەرییەکیان نەما .

بەکورتی، لە کوردستان و لە ئێران بەگشتیی، لەنێو هەموو لایەنەکانی نەتەوەیی و سیاسیدا، تەنیا چینی مەلاکان بوون کە هەر لەسەرەتاوە بەشێوەیەکی ڕێکخراو و، پلانداڕێژراو، هێدی هێدی، رووی داخوازیی خەڵک و، درۆشمەکانیان بۆلای بیروباوەڕی ئیسلامیدا سووڕاندەوە و لەرێگەی مزگەوتەکانەوە و، لەرێگەی بڵاوکردنەوەی پەیام و وتەکانی خومەینییەوە توانییان تێکڕای ئۆپۆزسیۆنی رەنگاورەنگی ئێرانی لەژێر چەتری رێبەریتیی ئایەتوڵلا خومەینیدا کۆبکەنەوە. ئایەتوڵلا خومەینیش لە پاریسەوە پەیتا پەیتا، نامە و راگەیاندراوەی دەگەیشتە دەستی مەلاکان و، بەرێگەی لایەنگرانییەوە، لەهەموو ئێراندا بڵاودەکرانەوە .

خومەینی دەیگوت: "چاوی لەماڵی دنیا و دەسەلات نییە و، پاش رووخانی رژێمی پەهلەوی کە بەکرێگیراوی بێگانەیە، خۆی لە سیاسەتەوە وەرنادا و، دەچێتەوە بۆ مزگەوت و بەرێنوێنیکردنی ئاینیی خەڵک و نوێژ و پەرستکاریی خۆیەوە سەرقاڵ دەبێ! دەیگوت، ئەم باب و کوڕە (مەبەستی رەزاشا و حەمەڕەزاشا بوو! – ن.)، ئێرانیان وێرانکردووە، شارەکانیان وێرانکردووە و، گوڕستانەکانیان ئاوەدانکردووە. دەبێ ئەم رژێمە نەمێنێت، چونکە خەڵک شایان ناوێ. خەڵک ئازادییان دەوێت "!...

خەڵکی ئێران لەمێژبوو ئەم قسانەیان لەزاری نەیارێکی شا و کەسایەتییەکی سیاسیی ئێرانییەوە نەبیستبوو. تەمەنی زۆر و پلەی کۆمەڵایەتی و ئاینیی خومەینیی هۆیەکی دیکە بۆ ئەوەی کە کۆمەڵانی خەڵک باوەڕ بە وتە و پەیامەکانی بێنن. لەبەر ئەوە، تێکڕای دانیشتوانی ئێران، گەیشتن بە هەموو هیوا و ئاوات و ئامانجێکیان لە گەڕانەوەی خومەینیی بۆ ئێران و، لە کەسایەتی و هزر و رامانی خومەینیدا دەدیت. جگە لە خەڵکی ئاسای و رەشوڕووتی وڵات، هەروەها چینی خوێندەوار و تێکنۆکرات و، رۆشنبیران و، نووسەران و تەنانەت کۆمۆنیستەکانیش، بێئاوڕدانەوە لەروانگە و بۆچوونەکانی رابردووی ئایەتوڵلا خومەینیی کە دەیان ساڵ بەرلەوەی بەدەسەڵات بگات، لە دوو پەرتۆکی "کشف الاسرار" و "توضیح المسائل" و نووسراوەکانی دیکەیدا نووسیبوونی، تەنیا شوێن وادە و بەڵێن و درۆشمەکانی کەوتن!

وەرزی پایزی ساڵی ١٩٧٩، شەپۆلی نارەزایەتیی، ریزەکانی خوارەوەی سوپا و پۆلیس و ناوەندەکانی ئابووری و خزمەتگوزاری و پەروەردەی گرتەوە، شا جگە لە هەڵاتن بۆ دەرەوەی وڵات، هیچ ڕێگەیەکی لەبەردەمدا نەمابوو. ئەوە بوو رۆژی ٢٦ی بەفرانباری ساڵی ١٣٥٧ ( ١٦ی ژانوییەی ١٩٧٩)، حکوومەتی سپاردەدەستی کۆنەنەیارێکی خۆی بەناوی "شاپوور بەختیار" و، لەنێوپەژارە و گریانی دەستوپێوەند و پاسەوانەکانیدا بەچاوی پڕلەگریانەوە لەئێران چووە دەرەوە .

لەگەڵ هەڵاتنی شا، مەلاکان دڵنیابوون کە ئێدی چ کۆسپێک لەسەرڕێی بەدەسەڵاتگەیشتنیاندا نەماوە. ئایەتوڵلا خومەینیی لەمێژووی چەندسەتساڵەی پڕهەورازونشێوی چینی ئاینیدا، توانی بەڕووخانی رژێمی پاشایەتیی، لەساڵانی کۆتایی سەدەی بیستەمدا یەکەمین حکوومەتی ئاینیی بەسەرۆکایەتیی مەلاکان لەئێران دامەزرێنێت. بەدەیان ملیۆن جەماوەری راپەڕیوی ئێران کە لە رۆژان و حەفتەکانی سەرەتای خۆپێشاندانەکاندا، بۆ وەدەستهێنانی "نان و کار و ئازادی" هاتبوونە سەر جادە و شەقامەکان، پاش چەند مانگێک و، لە رۆژانی نێزیک بە رووخانی رژێمی شادا، شەوانە دەچوونە سەربانی خانوو و باڵەخانەکانیان، تا لەنێو دیمەنی مانگدا وێنە و روخساری ئایەتوڵلا خومەینی ببینن!! ئەوەش پێشاندەری راستییەک بوو کە نەئەمریکا و رۆژاڤا و، نەبەرەی چەپ و ئازادیخوازانی نێوخۆی ئێرانیش، نەیانتوانییبوو بەشێوەیەکی زانستانە و بابەتانە، نێوەرۆکی کۆمەڵگەی ئێران هەڵسەنگێنن و، بیناسن، بەڵکو ئەوە تەنیا مەلاکان بوون کە بەهۆی پێوەندی و ژیانی بەردەوام و سەتان ساڵەیان لەنێو ئەو کۆمەڵگەی تێیدا ژیابوون و دەژیان، ئاست و رادەی هۆشیاری سیاسی و فەرهەنگی و تێگەیشتوویی خەڵکەکەی خۆیان دەناسی و، زۆر باش دەیانزانی چۆن و لە چ ڕێگەیەکەوە، بیانخەنە خزمەتی ئامانجی سیاسی و بەرژەوەندیی خۆیانەوە ..

مانگی ڕێبەندان، خۆپێشاندان لە سەر شەقام و جادەکانەوە، گوێزرایەوە بۆ تەقە و لێکدانی چەکداری و هێرشبردن بۆ سەربازگە و بنکەکانی پۆلیس و ژاندارم و ماڵی ئەندامانی ساواک و دایرەکانی ساواک و، بەندیخانەکان و، تاڵانکردنی ماڵ و سامانی کاربەدەستانی گەورەی رژێم.

سەرەنجام راپەڕینی بێوێنە و مێژوویی گەلانی ئێران گەیشتە لووتکە و، لەڕۆژی ٢٢ ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی (١١ / ٢ / ١٩٧٩ی زایینی)، بەوێنەی ئەرخەوانەسوور کەوتەڕێ و، تەختوبەخت و کۆشکوتەلار و داوودەزگەی رژێمی پاشایەتیی تێکەوەپێچا و لەنێویبرد.

## دۆخ و ئەرکی ئێستا

ڕێنیسانس و شۆرشی نوێخوازیی لەرۆژهەڵاتی ناڤین سەریهەڵداوە و، راپەڕینی گەلانی میسر و تۆنس بۆ گەیشتن بەئازادی و ژیان و گوزەرانێکی ئاوڕوومەندانەتر، لەماوەی مانگێکدا رژێمەکانی دیکتاتۆری تۆنس و میسری هەڵتەکاند. گەردەلوولی گۆڕان بەرەو وڵاتانی دیکەی ناوچەکە بەڕێوەیە. تێکڕای رژێمەکانی دیکتاتۆر و دژ بەئازادیی ترسیان لێنیشتووە و، لەپیلان و رێچارەیەک دەگەڕێن، خۆیان لەم گەردەلوولە رزگار بکەن کە تادێ گەورەتر دەبێت. ئەگەر هەرەسهێنانی یەکێتیی سۆڤێت جیهانی بەرەو قۆناخێکی نوێ راکێشا، رووداوی (١١)ی سێپتەمبەری ئەمریکاش، دەستپێکی هاتنەکایەی قۆناخێکی نوێ و چارەنووسساز بوو بۆ گەلانی رۆژهەڵاتی ناڤین. بوونی رژێمەکانی دیکتاتۆر و سەرەڕۆ و مرۆڤکوژ، چیدیکە سوودیان بۆ پارێزگاریکردن لەبەرژەوەندیی رۆژاوا لەنێوچەکەدا نەماوە و، مانەوەی هەرچی زیاتری سیستەکانی تۆتالیتێر و مافیاکانی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووریی، هۆکاری سەرەکین بۆ پەرەسەندنی بیری بنچینەگرانەی ئیسلامی و، رێکخراوەی تێرۆریستی و دژایەتیکردنی گەلانی ناوچەکە بەگشتیی لەدژی رۆژاوا. ئەمە راستییەکە دەوڵەتەکانی رۆژاوا پێیگەیشتوون و، ناچاریکردوون بۆ کرمکردنەوەی ئەو قورساییە سەربازی و ئابوورییەی لە ئەفغانستان و عێراق و، بەگشتیی لەناوچەی رۆژهەڵاتی ناڤیندا لەگەڵی بەرەوڕوون، ستراتیژێکی سیاسیی نوێ دابرێژن. پشتیوانیکردنی ئاشکرای دەوڵەتی ئەمریکا لەراپەڕینی گەلانی موسڵمان لەدژی رژێمەکانیان بەڕۆنی گۆڕانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا پێشاندەدات.

بەکورتی، قۆناخێکی نوێ لەمێژووی چەندین هەزارساڵەی رۆژهەڵاتی ناڤیندا دەستیپێکردووە. سەردەمی خۆسەپاندنی زۆرەملێ، پیرۆزیی رێبەر و بنەماڵە و، بێرێزیکردن و، پێشێلکردنی مافەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی، بڕیاردان لەچارەنووسی گەلان، تێپەڕیوە و جێی خۆیداوە بە خەباتی جەماوەری و هێنانەسەرکاری سیستەمی دێمۆکراتیک و دادپەروەرانەتر. لەپێوەندیی لەگەڵ کێشەی لەمێژینە و چارەسەرنەکراوی کورددا، پێویستە ئەم هەلومەرجە نوێیە بەزانایی و ژیرییەوە شرۆڤەبکرێت. ئەگەر لە رابردوودا ئیدۆلۆژیسەپاندن و، درۆشمی چەوت و نەگونجاوسەپاندن بۆ دەیانساڵ خەبات وچارەنووسی نەتەوەی کوردی بە لارێدابرد، بائێدی بەس بێ و، لێگەڕێن نەتەوەی کورد وەکو باقی نەتەوەکانی سەرگۆی زەوین، سوود لەم گۆڕانە جەماوەری و هزرییە وەربگرێ و، یاساکانی پەسندکراوی نێونەتەوەیی بکات بەدرۆشم و ئامانج و داوای رەوای و، لەئازادیدا دەنگ بۆ دیاریکردنی چارەنووسی سیاسیی خۆیبدات.

لەپرۆگرامی رێکخراوەی نەتەوەیەکگرتووەکاندا، مادەی (١) و مادەی (٢٥) و مادەی (٥٥) تایبەتن بەمافەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و، لەڕوانگەی یاسای نێونەتەوەییەوە مافی دیاریکردنی چارەنووس لەم پێنج خاڵەی خوارەوەدا جێکراوەتەوە:

١- هەموو گەلێکی خاوەندەوڵەت مافی سەربەخۆیی هەیە و، هیچ حکوومەتێک مافی نییە دەستوەرداتە یەکێتیی خاک و کاروباری نێوخۆیی ئەو وڵاتەوە. سازکردنی هەر جۆرە کێشەیەکی دەرەکیی بۆی، رەفزدەکرێ و، رەوایەتیی نابێت.

٢- هەر گەلێک کە خاکەکەی لەلایەن حکوومەتێکی داگیرکەرەوە، داگیرکراوە، مافی رەوای خۆیەتی خاکەکەی رزگاربکا و، سەربەخۆیی خۆی رابگەیەنێ و، کۆتایی بهێنێت بە بندەستبوونی.

٣- هەر گەلێک دەتوانیت لەهەڵبژاردندا دەوڵەتی دڵخوازی خۆی هەڵبژێریت. (وەک ئەمەی لەوڵاتانی رۆژئاڤای ئۆروپادا پێڕەودەکرێت.ص!

٤- هەر گەلێک مافی هەیە جۆری سیستەمی حکوومەتی خۆی دەستنیشانبکات.

٥- مافی بڕیاردانی گەلان لەدیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا کە لەمادەی (٢٥)ی رێککەوتننامەی نێونەتەوەیدا هاتووە و، هەموو مافەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی تێداڕەچاوکراوە و، دەڵێ: " تێکڕای دانیشتوانی هەر وڵاتێک، مافی بەشداریکردنی چالاکانە وهەمیشەییان هەیە لەبڕیاردان و دەنگدان، بەیەکسانیی لەبەڕێوەبردنی حکوومەت ووڵاتی خۆیاندا.

ئەگەر ئەم پێنج پرنسیپانەی سەرەوە بکەینە بنەمای تێڕوانینمان سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەی کورد، ئەوا بەدڵنیاییەوە، داتاشینی هەموو ئەو ئیدۆلۆژی و درۆشمە ناقۆڵانەی کە بۆماوەی دەیانساڵ سەپێندران بەسەر خەباتی نەتەوەی کورددا، بەناڕەوا ونایاسای و نامرۆڤانە و، نانەتەوەیی لەقەڵەم دەدرێن و، لەمەبەدواوە رۆشنبیران و، نیشتمانپەروەران و گەلی کورد بەگشتیی نابێ رێگەبدەن، سەرۆک، یان سەرکردەیەتیی هیچ حیزب و رێکخراوەیەکی کوردی، لەپێناو ئامانج و بەرژەوەندیی خۆی و حیزب و بنەماڵەکەیدا، گەمە و سووکایەتیی بەچارەنووسییەوە بکا و، مافی بڕیاردانی لێ زەوتبکات تێگەیشتنی راستورەوا

بۆ ئەم بارودۆخەی ئێستا ئەوەیە نێوەندێکی کوردستانیی پێکبێت بەبەشداریی ئەو حیزب و رێکخراوەسیاسی و کۆمەڵایەتییانەی کە نەفرەت لە گەندەڵی و دەستەودەستەگەرێتی و حیزبجیزبێنە دەکەن و، هەموو ئاوات و ئامانجیان ئەوەیە نەتەوەی بەشمەینەت و کۆیلەی کورد لەژێرچنگی داگیرکەرانی خوێنڕێژ و دڕندە و دژ بەمرۆڤ رزگاربکرێت. پلاتفۆرمێک دابڕێژرێ، خەباتی نەتەوەی کورد لەنێوخۆ و لەدەرەوەی وڵات یەکبخرێ، درۆشمی رفراندۆم بۆ کوردستان و، مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ کورد وەک داوای یاسایی و رەوا، بکرێت بەدرۆشمی تێکڕای کۆمەڵانی گەلی کوردستان، بۆ ئەوەی پێش رووخانی رژێمی داگیرکەری ئێران، یان لەئەگەری هاتنەکایەی هەر جۆرە ئاڵوگۆڕێکی تازە لەرۆژهەڵاتی ناڤین، گەلی کورد پێشوەخت بەئامادەیی تەواو و، بەبەرنامە و داخوازیی ئاشکرا و روونەوە بەرەو پیری رووداو و گۆڕانکارییەکان بچێت.

ئەو پلانە گەورەیەی بۆ گۆڕینی رۆژهەڵاتی ناڤینی تازە، لەلایەن ئەمریکا و هاوپەیمانانی هاوستراتژیکییەوە نەخشەی بۆدارێژراوە، سەرەداوەکەی لە وڵاتی "تۆنس" ەوە دەستیپێکرد و، بەڕووخانی رژێمی ئێران کۆتایی پێدەهێنرێت .

(٣٢ ) ساڵ دوای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئەم پرسیارە دەبێ لەخۆمان بکەین، پاش کوژران و برینداربوون و لەسێدارەدانی دەیانهەزار رۆڵەی نەتەوەکەمان، پاش هەموو سووکایەتی و بێرێزی و دەستدرێژیکردنێک بۆ سەر کچان وکوڕانی نەتەوەکەمان، پاش بەتاڵانبردنی سەدان ملیارد داهاتی کانزا و سامانی سەرزەوی و ژێرزەوینی کوردستان لەلایەن رژێمی خوێنڕێژ و داگیرکەری ئێرانەوە، لەماوەی ئەم سی و دووساڵەدا، چ ئەزموون و وانەیەکی سیاسیی فێربووین؟! یەکرێزی و تەبایی و رێزگرتن لەبیروڕای جیاواز و، پێشکەوتنی خەباتی نەتەوەییمان لەچ ئاست و رادەیەکدایە؟! جێگەی داخە، نەتەنیا لەهیچیەکێک لەم بوارەگرنگانەدا پێشنەکەوتووین، بەڵکو لەسایی سیاسەتی هەڵەی حیزبەکانمانەوە، چارەنووسی سیاسیمان لێڵ و تاریکە. ئەم حیزبانەی ئێستا هەمانن، کە هێشتا نەگەڕاونەتەوە بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان و، هێشتا بستێک خاک بەدەستیانەوە نییە، لەسەر کورسی و پلەوپایە و بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسیی بوونەتە دەیان پارچەوە و، بەبیستنی ناوی یەکدیی تووشی لەرزوتادێن و، تف لەسێبەری یەک دەکەن، ئەگەر رژێمی ئیسلامیی ئێران رووخا و، گەڕانەوە بۆ نێوخۆڵک و شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، ئایە نایکەن بەشەڕەگەڕەک و شەڕەقۆچەقانێ و هەرلایەنەیان ناکەونە پەلوپۆ کە لای دەوڵەتی تازەدامەزراوی ئەوکاتی ئێران حسێبیان لەسەربکرێ و، بەوەش بەوێنەی سەرکردەکانی باشووری کوردستان، هەلێکی دیکەی مێژوویی لەکیس کورد نادەن؟ !

سەرچاوە
Serchawe

بۆ ڕێگرتن لەهاتنەکایەی دۆخێکی ئەوتۆ دزێو و ناجوامێرانە و نانەتەوەیی لەڕۆژهەڵاتی کوردستان، پێویستە هەر لەئێستاوە، ڕێکخراوەکانی مەدەنی و مرۆڤی و ڕۆشنبیریی بەئامانجی نەتەوەییەوە زیاتر پەرەبستێنن. دڵسۆزان ونیشتمانپەروەرانی گەلەکەمان پێویستە کۆمیتەی ڕفراندۆم بۆ کوردستان و، مافی چارەی خۆنووسین بۆ کورد پێکبهێنن و، هەموو توانای ڕاگەیاندن و دارایی و ڕێکخستن و دیپلۆماسی بخرێتەکار بۆ ئەوەی ئەم دروشم و داخوازییە لەنێوخۆ و لەدەرەوەی وڵات، ببێت بەدروشم وداخوازیی ملیۆنان کورد. بێگومان سەدان کوردی دڵسۆز و نیشتمانپەروەر لەنێو حیزبەکاندا هەن کە بیری نەتەوەییان هەیە و، دەتوانن لەنێو حیزبەکانی خۆیاندا ڕفراندۆم بۆ کوردستان و مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ کورد، بکەن بەباسی سەرەکیی. وازهێنانی سەرۆکایەتیی حیزبەکان لەسەپاندنی دروشمی فیدراڵی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەهیچکات سەرکەوتوونابێت (ئێمە نموونەی شکستخواردووی باشووری کوردستانمان هەیە، چۆنکە پێشزەوینەی دامەزرانی سیستەمی فیدراڵی لەهەر وڵاتێکدا کە چەند نەتەوەی جیاجیای تێدادەژین، بوونی فەرهەنگ و بیری یەکسانی و ئازادیخوازییە کەلەپرۆسەیەکی دوورودرێژی مێژوو‌ییدا کاری پێکرابێ)، و، بەرزکردنەوەی دروشمی مافی چارەی خۆنووسین بۆکورد، دەبێتەهۆی ئەوە کە هاودەنگییەک لەنێوان نەتەوەی کورد و، حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان و کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان لەدەوری دروشمێکی هاوبەش پێکبهێنرێت. ئەمەش بێگومان دەستەبەری سەرکەوتنی نەتەوەی کورد بۆ گەیشتن بە ئازادی و سەربەخۆیی دەکا و، تەنیا لەم ڕێگەیەوە دەتوانین پشتیوانیی دنیای ئازاد و ڕێکخراوەی نەتەوەیەکگرتووەکان وەربگرین، کە چاودێریی ڕاپرسییەکی ئازاد لە کوردستاندا بکەن و، نەتەوەی کورد بتوانێت دوور لەترس و هەڕەشەی هیچ داگیرکەر و هەلپەرست و زۆردارێک، لەئازادیدا دەنگ بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیبدات. ئێمە ئەم نموونەسەرکەوتووەمان لەڕاپرسییەکەی باشووری سۆدان دا بینیی، کە خەڵک و حیزبەسیاسییەکانی پێکەوە ڕفراندۆمیان کرد بەداخوازییەکی گشتیی بۆ دەستخستنی ئازادی و سەربەخۆییان.

ژێدەر:

(١) -حاجی برایمی هاشمیان ناسراو بە حاجی برایمی کەڵانتەر، کوڕی حاجی هاشمی شیرازی لە بازرگانانی دەوڵەمەندی شیرازبوون. ئەم بنەماڵەیە لەپێشدا جوو بوون و وەک گەلێک جووی دیکە بۆڕاگرتنی سامانیان و دەستخستنی پلەوپایەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی، دەبوون بە موسڵمان، بەڵام لەنێوخۆیاندا داونەرێتی خۆیان و ئاینەکەیان دەپاراست. حاجی برایم لەلایەن کەریمخانی زەندەوە کرا بە داڕۆغەی چەند گەڕەکێک لەشیراز .دواتر پلەی بەرزکرایەوە و بوو بە "کەڵانتەر" و بەرپرسیارێتیی پاراستن و ئاسایشی شیراز پێتەختی حکوومەتی زەندی پێسپێردرا. لەمەوە نێوبانگ و دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتیی حاجی برایم زیادیکرد و نێزیکایەتییەکی زۆری لەگەڵ بنەماڵەی زەندا پەیداکرد.

دوای مردنی کەریمخان، کوڕەگەورەکەی بەناوی لەتفعەلیخان بوو شا. لەکاتی هێرشی تورکەقاجارەکان بەسەرۆکایەتیی ئاغامحەممەدخان، لوتفعەلیخان بەرەو ئەسفەهان لەشکری کێشا کە ئەو شارە لەدەستی لەشکری قاجار ڕزگاربکات، بەڵام لەگەڵ گەیشتنی، یەکێک لە براکانی حاجی برایم کە فەرماندەی لەشکر بوو، لەگەڵ چەندین فەرماندەی دیکە، چەکدارەکانی خۆیان هەڵگرت و، هۆردووی لوتفعەلیخانیان بەجێهێشت. ئەوە بوو شای زەند لەبەرامبەر لەشکری زۆروزەوەندی قاجار و هۆزەکانی دیکەی نەیاری زەندا خۆیپێڕانەگیرا و بەرەو شیراز کشایەوە. کاتێک گەیشتە بەر دەوازەی شار، حاجی برایمی کەڵانتەر فەرمانیدا دەروازەکانی شار دابخەن. لەتفعەلیخان کە تازە لە پیلانی هاوبەشی حاجی برایم و هۆزەکانی دیکەی فارس و هۆزی تورکانی قاجار ئاگادار ببوو، بەرەو شاری کرمان پاشەکشەی کرد و، دوای چەندین هەفتە نەبەردی خوێناویی، خۆی لەشکرەکەی و دانیشتوانی کرمان قڕکران .

ئاغامحەممەدخان حکوومەتی شیرازی دایەدەستی حاجی برایم و، بۆ هەموو کاروبارێکی سیاسیی پرسیپێدەکرد و، هەموو فەرماندەکان و چەکدارەکانی ئاگادارکرد، کە هەر فەرمانێک لەدەمی حاجی برایمەوە دەردەچێت، فەرمانی ئەویشە و دەبێ جێبەجێی بکەن. دوای مردنی ئاغامحەممەدخان، حاجی برایم لە دانانی جێنشینیدا ڕۆڵی گەورەی گێڕا و، توانی لەنێو هەموو برا و برازاکانیدا، "فتحعلی میرزا" بکات بەشای ئێران. ماوەیەک دوای تێپەڕبوونی پاشایەتیی فەتحعەلیشا، حاجی برایمی کەڵانتەر، زۆرینەی پلەوپایەی سیاسی و لەشکری و کۆمەڵایەتیی بەسەر کوڕەکانی و برا و برازاکانی خۆیدا دابەشکرد. سامان ودارایی و موڵکی لە گەورەکانی قاجاڕ زیاتر بوو. لەمەوە فەرماندە و گەورەکانی هۆزی قاجار کەوتنە گومان لێی و، شایان لە نیاز وئامانجی حاجی برایم تێگەیاند. شا فەرمانی گرتنیدا و، هەردوو چاو و زمانی خۆی و کوڕەکانی وبراوبرازاکانی حاجی برایم دەرهێنرا و، بەکوێریی زیندانی کران و، خرانە ژێر شکەنجەوە و، سووکایەتیی زۆر بەخۆیان وژن و منداڵیان کرا. پاشان هەموو سامانەکەشیان زەوتکرا.

(٢ *)" – کارەساتی کوردەکان" بەرگی سێیەمی یاداشتەکانی هێنری کیسنگەر وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لەساڵانی شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو. سەباحی غالب لەوەرزی هاوینی ساڵی ١٩٩٩ کردوویەتی بەکوردیظ.

٣- عیسا پژمان کوڕی عەبدوڵڵا ساڵی ١٣٠٣ ی هەتاوی (١٩٢٤) لەشاری سنە هاتووەتەدنیاوە. خوێندنی سەرەتای وناوەندی و دواناوەندیی لەشارەکەیدا تەواوکرد .لەتاران درێژەی بەخوێندن دا و، لەزانستگەی (ملی)، خوێندنی لەبواری یاسایادوەریدا تەواوکرد. هەرلەو کاتەدا لەلایەن "ساواک" ەوە وەرگیرا. عیسا پژمان، لەساواکدا پلەی بەرزکرایەوە و، بوو بەسەرۆکی ساواک لەکاروباری عێراقدا. ماوەی چەندین ساڵ سەرۆکی پاراستنی پۆلیسی هەموو ئێران بوو. پێش بەدەسەلاتگەیشتنی عەبدولکەریم قاسم لەعێراق، عیسا پژمان لەڕێگەی شانەکانی خۆیەوە، ئاگاداری نەخشەی کودەتا دەبێ و، لەڕاپۆرتێکدا ئەم بابەتە بەئاگاداریی شا و، وەزیری پاراستنی ڕژێمی شا، بەناوی تەیموور بەختیار دەگەیەنێ و، تەنانەت کێندی سەرکۆماری ئەمریکاش ئاگاداردەکات، بەڵام شا وئەمریکا بۆچوونەکەی بەڕست نازانن، تەنانەت شا لێشی تووڕەدەبێت. بەڵام پاش ئەوەی کودەتا ڕوودەدات، شا بەتەواوەتیی متمانە بە توانای و ڕاستگۆی ودڵسۆزییەکەی دەکا و، لەپێوەندیی لەگەڵ عێراق و باشووری کوردستاندا، دەیکات بەنوێنەری خۆیو ، هەموو دەسەلاتێک دەداپێی.

ساڵی ١٩٥٨ بەناوی مامۆستای قوتابخانە دەچێ بۆ باشووری کوردستان و، لەشاری سلێمانی سەرەتا لەگەڵ مامۆستا برایم ئەحمەد پێوەندیی دەگرێت. پاشان لەباڵوێژخانەی ئێران لەمێوانییەکدا بەبۆنەی جێژنی نەورۆزەوە گیراوە، لەگەڵ جەلال تاڵەبانی ئاشنادەبێ. پێوەندیی نێوانیان بەردەوام دەبێت تاکاتی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول لەساڵی ١٩٦١ دا. دوایی ئەو پێوەندییانە دەگوێزرێنەوە بۆ ئاستی سەرکردەیەتیی شۆڕشی ئەیلوول و، سازکردنی پێوەندیی لەگەڵ سەرۆک بارزانیی، لەگەڵ هەرەسهێنانی شۆڕش لە ١٩٧٥ کۆتایی پێدێت .

سەرچاوە:

١- مێژووی دەسەڵاتدارێتیی ئاینیی لەئێران- نووسینی سیروان کاوسی، مانگی جۆزەردانی ساڵی ٢٠١٠ لەوڵاتی نۆروێژ چاپکراوە.
٢- ماڵپەڕی ویکیپیدیا بەزمانی فارسی. ژیان و بەسەرهاتی حاجی برایمی داڕۆغە!
٣- لەبیرەوەرییەکانم بەرگی (بەرگی سێیەم) نووسینی: کەریم حیسامی.
٤- بیرەوەرییەکانی هێنری کیسینگەر بەرگی سێیەم.
٥- پەرتۆکی «تند باد حوادث» بەزمانی فارسی لەنووسینی: عیسا پژمان
٦- چگونگی اعمال حق تعیین سرنوشت (مقالە)، از دکتر محمد علی بهمنی قاجار، لاپەڕەی (٢) کۆپلەی دوو.

سەرچاوە
Serchawe

# حەسەن زیرەک، گەورە دیکتاتۆری گۆرانی و ئاوازی کوردی.



هیوا ڕەش

پێرار و ئەمساڵیش لە باتی چوون بۆ کێوی عەرەفەپارەم پێکەوە نا و ڕووم لە ئاڵەشکێنە کرد و لە جیاتی حەج و عەمرە مەزاری حەسەن زیرەکم تەواف کرد و بە حەسرەتەوە تاوێک لەسەر گۆڕەکەی بە دەم قسەوباس و وێنەگرتنەوە بە تێکەڵەیەک ماچی کێلی گۆڕەکەی و گریانی قەتیسی گەروو و کڕنوش بردن بۆ گلکۆکەی یادی چلساڵەی کۆچی زیرەکی بلیمەتم لەگەڵ (( ئاری بابان و شۆڕش ئەمین و مەجید ڕۆژهەڵاتی )) دا کردەوە ، ئەوەی لە هەردوو سەردانەکەمدا بەدیم کردووە ، جاری یەکەم خانەوادەیەکی فراوانی ١٧ کەسیی فارسم بینی کە بە تایبەتی هاتبوون بۆ سەردانی گۆڕی زیرەک ، لە نێویاندا ئافرەتێک سەرنجی ڕاکێشام و ناچاری کردم بە تیلەی چاو لێی بڕوانم ، چونکە بێئاگایانە خەریکی خومارە تەڕبووەکانی بوو بە دیار گۆڕە بێنازەکەی زیرەکەوە دەیسڕییەوە ، بە داخەوە نە ئەوان کوردیزان و نە منیش فارسیزان بووم تا بتوانم ڕایەڵەیەکیان لەگەڵدا ببەستم و تێکەڵیان بم و پێکەوە گفتوگۆ لە بارەی زیرەکەوە بکەین ، جاری دووەم و دەوروبەری هەفتەیەک پێشئێستا ، پیاوێکی بەتەمەنی سەروڕیش سپیم بینی بە دیار گۆڕەکەی زیرەکەوە حەپەسابوو ، سەروسیمای هێند جوان و ڕوحسوک بوو هەر لەو پیرەمێردانە دەچوو کە لە تابلۆ دانسقە جیهانییەکاندا بونەتە مایەی ناوداریی بۆ ئەو هونەرمەندانەی وێنەیان کێشاون ! لەگەڵ ئەمدا پێم وابوو ئاسانە بچینە ناو وتووێژەوە ، بەڵام مخابن لە کاتی دوان لەگەڵیدا دەرکەوت ئەویش کوردی نازانێ ، برادەرە ڕۆژهەڵاتییەکەمان بووە نێوانگیرمان و قسەکانمانی وەردەگێڕا ، هەرچەندە لێدوانەکەمان کەم بوو بەڵام هێندە پڕمانا بوو تا ئەوپەڕی سەرسامی و خۆشنودیی .

چوونی ئەمجارەم هاوکات بوو لەگەڵ چلساڵەی کۆچی دوایی زیرەک ، دیارە ئەو پیاوە ڕوخسار نورانییەی کە لەوێ بینیمان ئەویش بەو بۆنەیەوە هاتبووە سەر مەزاری زیرەک ، لە جوانترین قسەکانیدا وتی : (( من هەموو ساڵێک لەم ساتەوەختەدا چەندێک دوور و چەندێک بێپارە بم وەکو ئەرکێکی سەر شانم دەبێت بێم بۆ لای زیرەک ، چونکە زیرەک بێهاوتایە و هەرگیز لە وێنەی پەیدا نابێتەوە و شایەنی ئەوەیە بیپەرستین )) ، کە گوێم لە قسەکانی بوو قەسدم دەکرد توندتوند بە ئامێزی خۆمەوە بیگرم بەڵام دەترسام لەشە لەڕ و لاوازەکەی بەرگە گوشین نەگرێ و ئازاری پێبگات ، بۆیە بە ماچی نیمچە لێسانەوە دەمم خستە سەر ڕومەتە ڕیشن و زبرەکەی و لە خۆشەویستیدا خەریک بوو ماچەکانم دەبون بە گاز و لەوەش زیاترم پێنەوترا کە بڵێم : (( ئاغا بە ڕاستی تۆ بەم هەڵسەنگاندنە پڕواتایەت ئێمەی کوردت شەرمەزار کرد )) ! دوای ئەوەی ڕۆییشت هەزارانجار دەسەڵاتدار و دەوڵەمەندانی لای خۆمانم بە قوربانی کرد .

بیرم نایەت لە کەنگێوە زیرەکپەرستم ، هێندەم لە یادە لەو دەمەیدا ئەو زاتە مەزنە ماڵئاوایی لێکردین لە ٢٦ ٦ ١٩٧٢ من تەمەنم ٩ ساڵ و ٨ مانگ بوو ، لەو تەمەنە چکۆلەییەمدا نە دوژمنایەتیم دەزانی و نە بە ڕق و کینە ئاشنا بووم ، لێ لەبەر ئەوەی دەنگۆی ئەوە بڵاو ببۆوە گوایە محەمەدی ماملێ زیرەکی ژارخواردوو کردووە ، ئیتر کوێرانە ڕقم لە مامڵێ دەبۆوە ، شوکر پاشان ئاشکرا بوو ئەو باسە لە دەلەسە و پرۆپاگەندەی نەیارانی هونەری کوردی و ساواکی شاهەنشای گۆڕبەگۆڕی ئێران بترازێ هیچیتر هەڵناگرێ .




لە ساڵی ١٩٧٧دا کاک عەبدولڕەحمان لێفەدوری بە ئەسڵ خەڵکی شاری سلێمانی دراوسێمان بوو بۆی گێڕاینەوە و وتی : (( ئێمە کۆمەڵە گەنجێکی شاری سلێمانی بوین و زۆرزۆر زیرەکمان خۆشدەویست و تەنانەت لە ئاهەنگەکانیدا شانازیمان بەوەوە دەکرد کە لەگەڵیدا بین و لە دەوری کۆوە بین ، لە یەکێک لە ئاهەنگەکانیدا وەکو ئابڵوقە دەورمان دابوو ، لە گەرمەی ئەو گۆرانییەی زیرەک دەیچڕی لە پڕتاودا بڕی ، چونکە شۆڕەژنێکی شۆخ و شەنگ کاتێ لە دوری ئێمەوە بە بەردەمماندا گوزەری کرد و بانگی لە کوڕە بچکۆلانەکەی کرد : - ڕێبوار پەلە کە - ، ئیتر زیرەک دەسبەجێ گۆرانییەکەی گۆڕی و بە سەرگەرمییەوە پڕ بە گەرووی هاواری کرد : (( ڕێبوار و ڕێبوار بە ڕێبوارت بم ..... تۆ زێڕی خاڵس من عەییارت بم )) ، شەوکەت ڕەشیدی هونەرمەندی کۆچکردوو لە یەکێک لە چاوپێکەوتنەکانیدا پێش نزیکەی ٣٥ ساڵ لەمەوبەر بەم جۆرە لە بارەی زیرەکەوە دوا : (( کاتی خۆی بە تاسوقەوە هەویای دیدەنی زیرەک بووم ، ڕۆژێکیان پێیان ڕاگەیاندم کە زیرەک تەشریفی هێناوەتە سلێمانی ، منیش لە خۆشیدا خەریک بوو شاگەشکە دەبووم ، بۆیە بە هەڵەداوان خۆم گەیاندە لای کاک - ولیەم حەننا - و پێم وت حەسەن زیرەک لە سلێمانییە ، ئەویش لە من خۆشحاڵتر بوو ، بۆیە هەردوکمان کەوتینە ڕاوتەگبیری سازدانی ئاهەنگێک بۆی ، بۆمان لوا و شوێن و کاتمان دەسنیشان کرد و زیرەکیشمان بانگهێشت کرد ، لە ماڵێکدا کۆ بوینەوە و دوای خواردن و خواردنەوەیەکی زۆر لە درەنگانی شەودا دەسمان بە ئاهەنگگێڕان کرد و وەکو نەریتێک سەرەتا پارچە مۆسیقایەکی کۆنی فولکلۆریمان ژەنی ، دوای تەواو بونی مۆسیقاکە زیرەک داوای لێکردین دوبارە مۆسیقاکە بژەنینەوە ، ئێمەش دڵیمان نەشکاند و داواکەیمان بەجێهێنا ، کە دووەمجاریش لێبوینەوە زیرەک داوای لێکردین و وتی : سێبارەی کەنەوە دەیکەم بە گۆرانی . هەموو دانیشتوان لێی کەوتینە تکا و پێمان وت : زیرەک گیان ئەم ئاوازە هێندە کۆنە و نەتوانراوە بکرێتە گۆرانی ئێستا بەم دەمودەسە چۆن دەکرێتە گۆرانی ؟ ! زیرەکیش بە زمانە سادەکەی خۆی وتی : بابە ئەگەر نەمکردە گۆرانی لەم ماڵەم وەدەر نێن ، لە کۆتاییدا ناچار ملمان بۆ داواکەی دا و سێبارە دەسمان بە ژەنینی ئاوازەکە کردەوە و لە زیرەکمان دەڕوانی ، کتومت وەکو ئەوەی چوبێتە خەڵوەتەوە لە ناخەوە ئاوێتەی بە ئاوازەکە ببوو ، لە ناکاودا دەسی لە پەناگوێی نا و دەتوت ڕێژنەی بارانی بەهار دادەکا ، لە دوای درێژکردنەوەی زۆری ئا ئا ئا ئا ئای ، ئینجا دەمی وەکو خەزنەی وشە کرایەوە و بۆ یەکەمینجار گۆرانی (( ئۆخەی ئۆخەی لەو باڵایە ..... هەر دەڵێی داری بێگەڵایە )) لە ناخەوە هەڵڕشت و بە گوێمانی دادا و خستیە سەر خەرمانی لە بننەهاتووی لێهاتویی خۆی ! ئەحمەد شەماڵی بێناز و نەمریش لە چاوپێکەوتنێکدا لێیان پرسی ڕات چییە بەرامبەر زیرەک ؟ هێندە زیرەکی خۆشدەویست نەیدەزانی چۆن ناخی خۆی دەربڕێ بۆیە ئەوەندەی پێ کرا بڵێ : حەسەن زیرەک گۆرانی بێژە و گۆرانی بێژە و گۆرانی بێژە ! ئاغای موشتەبازادەی نەمر و گەورە کەمانچەژەنی فارس لە بارەی

سەرچاوە Serchawe

زیرەکەوە دەڵێ : جارێکیان دوای پرۆڤەم لەگەڵ زیرەک بۆ تۆمارکردنی گۆرانییەک ڕومان لە بەشی کوردی ئێستگەی تاران کرد ، لە ڕێگا لە ناو ئۆتۆمبیلدا زیرەک پێی وتم گۆرانییەکی نوێم پێیە با بیڵێم ، وتم : ئاغای زیرەک گۆرانی نوێی چی ؟ وا ئێمە دەچین گۆرانییەکەی خۆمان تۆمار دەکەین ، دوای ئەوەی زیرەک پێداگریی دەکات لەوەی کە ئەگەر نەیڵێ گۆرانییەکە لە گەرویدا دەتاسێ ، بۆیە ناچار بووم گوێی لێبگرم ، بێهیچ پرۆڤە و ماندوبون لە ئێستگە گۆرانییە نوێیەکەشمان لەگەڵ ئەوی دیکەدا بە سەرکەوتویی تۆمار کرد ! باس لە پیاهەڵدان و نرخاندنی کەڵە هونەرمەندانی وەکو مامۆستایامەزهەری خالقی و سەگرمە و ڕەزازی ) ناکەم کە چەند نیازپاکانە و زانستیانە زیرەک هەڵدەسەنگێنن ، مامۆستای جوامێر عەبدولی حەمەباقی قسەی کەسێکی بۆ گێڕامەوە کە وتویەتی : (( کورد بەختی هەبوو خاوەنی حەسەن زیرەک بوو ، بەڵام حەسەن زیرەک بێبەخت بوو لەوەی کە کورد بوو )) ،

زیرەک تەنها گۆرانبێژێکی موجەڕەد نەبوو بەڵکو ئاوازدانەرێکی بە سەلیقە و لێهاتوش بوو ، لە هەمان کاتیشدا بە پێچەوانەی ( هونەرپەند ) ەکانی ئێستاوە کە هونەری گۆرانی و ئاوازی کوردییان شێواندووە و بە دزینی ئاوازی بێگانە و کەلیماتی پەڕپووت ڕەسەنایەتییان ئەنفال کردووە و بەرگێکی بێگانەیان کردۆتە بەر گۆرانی کوردی و ئاستنزمانە وەکو - موهەڕڕیج - گۆرانی کوردی لە پێناو بەرژەوەندی کەسیی خۆیاندا بە پەند دەکەن ، لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزم بۆ هونەرمەندە بەهرەدارەکان لە دەڤەرە جیاجیاکانی کوردستان .




ڕەنگە خوێنەر لە هەڵبژاردنی ناونیشانی وتارەکەمدا واقیان وڕ بێت و بپرسن کە چۆن زاتم کردووە حەسەن زیرەک بە دیکتاتۆر ناوزەد بکەم ؟ زیرەک بلیمەت بوو ، بلیمەتێکی بێهاوتا ، زیرەک زیرەک بوو ، زیرەکێکی کەموێنە ، ئەگەر جوانی خوداوەندی هەبێ ، پاکی خوداوەندی هەبێ ، عەشق خوداوەندی هەبێ ، گۆرانی خوداوەندی هەبێ ، ئاواز خوداوەندی هەبێ ، دەنگخۆشیی خوداوەندی هەبێ ، بەهرەمەندی خوداوەندی هەبێ ، سروشتناسی خوداوەندی هەبێ ، ڕەوانبێژی خوداوەندی هەبێ ، شیعر خوداوەندی هەبێ ، ئەوا حەسەن خودای گشت خوداوەندەکانە و ئیمپراتۆریای روحی پاکی مرۆڤی هەست ناسکە ، زیرەکی بلیمەت نزیکەی نیوسەدە پێشتر توانیویەتی ئاوازی ڕۆژئاوایی بهێنێتە ناو گۆرانی کوردی و مۆرکی کوردانەی پێببەخشێ ، کێ هەیە گوێی لە گۆرانی (( چاوت جوانە لەیلا ..... بۆ تۆ مردم لەیلا )) نەبوبێ ؟ بەڵام لەوە ناچێ کە بە ئاوازێکی ڕۆژئاوایی زاخاو کرابێ ، جگە لەمەش زیرەک دەربەدەرییەکەی کردویەتی بە گەڕیدەیەکی شارەزا و سودی لێبینیوە ، چەندین ئاوازی فارسی و تورکی و عەرەبی و بلوجی و ئازەری و نەتەوەکانی تر و موناجاتی ئاینی هێناوەتە ناو هونەری ئاواز و گۆرانی کوردییەوە و زانایانە بەرگی کوردیی بە بەردا بڕیون ، نەک وەکو هەندێ شایەری نەزان کە بەردەوام پەردەی گوێچکە ئازار دەدەن گۆرانی و ئاوازی کوردییان لە زەلکاوی ناکەسبەچەییدا نغرۆ کردوو ، مامۆستای بەڕێز حەمەی حەمەباقی هێندە زانستیانە ڕاڤەی کردووە و جوان بۆی چووە کە هەقی تەواو بە زیرەک دەبەخشێ : کاتێک گوێبیستی ماملێ دەبین زیاتر پەلکێشی هونەری ناوچەکانی پشدەر و ڕانیە و قەڵادزەمان دەکات ، عەلی مەردان دەمانباتە قوڵایی گەرمەسێر و دەڤەری کەرکوک ، حەمەساڵح دیلان وێنەی سلێمانیمان نیشان دەدا ، خاڵە تایەر تۆفیق بە کۆیە و دەوروبەری ئاشنامان دەکا ، محەمەد عارف دەبێتە چاوساغمان بۆ بادینان و ڕەسول گەردیش دەمانباتە ناوجەرگەی شاری هەولێرەوە ، بەڵام هەیمەنە و باڵادەستیی زیرەک لەوەدایە ، بە بێسەوادی و نەخوێندەواری ، بە ئاوارەیی و پەڕاگەندەیی ، بە بێلانەیی و بێپشتیوانی ، بە ڕاوەدونان و زیندانی ، بە برسێتی و نەبونی ، بە بێکاری و بێپارەیی ، بە ستەم و زوڵم لێکردنیەوە ، توانیویەتی سنورە دەسکردەکانی کوردستانی گەورە ببەزێنێ و لە هەر کوێیەک بخوازێ هەواری هونەری لەوێدا هەڵبدا و بە گۆرانییەکانی ئاشنایەتی سەرتاسەری نەتەوەکەی خۆی و ئەوانی دەوروبەریش بێت و خەڵکیی بهێنێتە جۆش و خرۆش ، حەسەن دیکتاتۆرێکی شۆڕەسواری ئاواز و گۆرانی کوردی بوو ، دەسەڵاتی هونەری ئەو باڵادەستترینی نێو هونەرمەندانی کورد بوو ، جگە لەوەی توانیویەتی وەکو داگیرکارێکی هونەریی کوردانە ئاوازی نەتەوەکانی دیکە لە بەرژەوەندی هونەری گۆرانی کوردیدا بخاتە گەڕ ، لە هەمان کاتیشدا چەندین گۆرانی و ئاوازی زیرەکیش دەستیان بۆ براوە و گۆرانیبێژانی نەتەوە ناکوردەکان سودیان لێبینیوە و ویستویانە بەرگی خۆیانی بەسەردا بدەن کەچی نەیانتوانیوە ، (( یەڵلا شوفێر و گویلدر مەنی گویلدر )) دیارترینیانن ، ئەفسوس گۆرانی و ئاوازەکەیم بیر نەماوە بەڵام بێدودڵی دەزانم کە بەعسییەکانیش سودیان لە ئاوازی زیرەک بینیوە و سرودی جەنگییان بۆ قادسیەی دۆڕاو بە بەریدا بڕیوە و : (( گار گیارە المیک ، گیارە البعپیە باللیل یا عینی باللیل )) لە ئاوازی زیرەکەوە هەڵێنجراوە ، زۆرن ئەوانەی تووخنی هونەری زیرەک کەوتوون و بێمایە بوون و نەیانتوانیوە کاریگەریی لەسەر دابنێن . ئەمانە هەموو بە لایەک و لە لایەکی تریشەوە ، هەندێک هەن لە ئاکامی خودکەمیی خۆیانەوە دەیانەوێ لە پایەی زیرەک کەم بکەنەوە و دەڵێن : - زیرەک فولکلۆریستە - ، ئەو نمونانەی سەرەوە کە ئاماژەم پێداون و بەڵگەی داهێنەرایەتی و تواناداری زیرەک نیشان دەدەن ، دڵۆپەیەکە لە دەریای وزە بێئەندازە و بێسنورە هونەربەزێنییەکانی زیرەک کە چۆن توانیویەتی لە ساتەوەخت و لە ناکاودا داهێنان بکات و جوانترین گۆرانی بهێنێتە نێو دنیای هونەری گۆرانی و ئاوازی کوردییەوە ، جگە لەمەش ، گریمان زیرەکی بێسەواد و نەخوێندەوار ، بێمامۆستا و بێڕێپیشاندەر ، بێقوتابخانە و بێحوجرە ، بێکەس و بێفریادڕەس گۆرانی فولکلۆری چڕِبێت و توانیبێتی ڕوحی بە بەردا بکات ! ئەدی خێرە لەو سەدان هونەرمەندە کۆن و نوێیەی جیهانی ئاواز و گۆرانیدا قابیلیەتی ئەوەیان نەبووە وەکو ئەو ئەو ئەرکە ڕاپەڕێنن ؟ یان کاوێژکردنەوەی ئەو قسە پڕوپوچانە مەرامی کەمکردنەوەی بەهای هونەریی زیرەکی لە پشتەوەیە و دەیانەوێ لە شەئنی زیرەک کەم بکەنەوە ، ئەوانەی وا دەڵێن جگە لە کوتانی تەپڵی دڕاو ، وەکو ئەوە وایە بوختان بە تریفەی مانگەشەو بکەن و دەریای توانایی و بەهرەمەندیی زیرەک بگلاوێنن .

ئێستا کە یادی چلساڵەی دواکۆچی زیرەکە ، ئەو زیرەکەی تەنها بە جەستە جێیهێشتوین و بە نەست هەمیشە لە ناوماندایە ، ئەو گۆرانییانەی نیوسەدە لەمەبەر چڕیویەتی هەر دەڵێی نیو چرکە پێش ئێستایە ! زیرەک هونەرمەند نەبوو ، بەهرەمەند نەبوو ، زیرەک خوداوەند بوو ، بەڵام ئەفسوس باغێک بە ناوی - موعەممەر قەزافی - شەقامێک بە ناوی جەواهیری و دەیان کوچە و کۆڵان و بازاڕ و ئەپارتمان چاپخانە و پارک و مارکێت ناو دەنرێن و دوو شەقام بە ناوی کەسێکەوە دەکرێ بەڵام زیرەک چۆن بە کولەمەرگی ژیا و چۆن بێکەس و بێدەرەتان بوو هەروا ماوەتەوە ، زیرەک بە تۆبزی خۆی نەسەپاندایەتە نێو هونەری ئاواز و گۆرانی کوردییەوە ئەوا دەمێک بوو نابەرپرسانە و بێوێژدانانە هەوڵ بۆ سڕینەوەی ناوی دەدرا ، ئەمەش لە تێنەگەیشتن و نەخوێندەواری و نەزانی و گەمژەییەوە سەرچاوەی گرتووە ، ئەگینا بۆچی تا ئێستا نە پەیکەرێکی بۆ کراوە و نە لاکۆڵانێک بە ناویەوە ناونراوە ؟ !

ئەمساڵ ، چلساڵ بەسەر کۆچی دوایی زیرەک و بیستساڵ بەسەر لە دایکبونی دەسەڵاتدارێتی کوردیدا گوزەر دەکات و تا دێت زیرەک خۆشگۆتر دەچریکێنێ و شارەکانی کوردستانی گەورە پێکەوە گرێ دەدا و دەسەڵاتدارێتی کوردیش خەڵک و خاک و سامانی باشوری بچکۆلەی کوردستان لەتوپەتتر دەکەن ، زیرەک بە زمانی جوان و خۆشەویست و ڕاستگۆ ، دەسەڵاتدارێتی کوردیش زمانیان گرتووە بە بەڵێنی

بێبنەما و درۆ ، زیرەک وێڕای ئەوەی کەمدەرامەتی دەسبڵاو بوو ، دەسەڵاتداریّتی کوردیش زۆردەرامەت و دەسگڵاو . زیرەک تا مرد خزمەتی نەتەوەکەی کرد ، دەسەڵاتی کوردیش لە بەردەمی سنوقەکانی دەنگداندا نەبێ هەستی نەتەوەییان نابزوێ ، زیرەک داهێنەر و داینەمۆی ئاواز و گۆرانی کوردی بوو ، دەسەڵاتداریّتی کوردیش پسپۆڕن لە دزی و تاڵانی ، زیرەک ناووناوبانگی هونەریی دەنگی داوەتەوە ، دەسەڵاتداریّتی کوردیش لە گەندەڵیدا ناووناوبانگی کوردیان لەکەدار کردووە ، زیرەک مایەی شانازیی گەلەکەیەتی ، دەسەڵاتداریّتی کوردیش پەڵەی ننگی و شورەییی ، زیرەک هەژارێکی سومعەدار ، دەسەڵاتداریّتی کوردیش دەوڵەمەندێکی بێسومعە ، زیرەک تا چاوی لێکنا جوانپەرست و نەتەوەپەرست بوو ، دەسەڵاتداریّتی کوردیش لەوەتی هەن پارەپەرست و بێگانەپەرستن ، زیرەک ئاە و حەسرەتکێش بوو ، دەسەڵاتداریّتی کوردیش غاز و نەوتکێشن ، زیرەک مردویەکی زیندووە ، دەسەڵاتداریّتی کوردیش زیندویەکی مردووە ، زیرەک گیرۆدەی دڕندایەتی دوژمنان بوو ، دەسەڵاتداریّتی کوردیش دەسکەلایانە ، زیرەک بە گۆرانییەکانی خۆی لە قەرەی کوردستانی گەورە و سەربەخۆ دەدا ، دەسەڵاتداریّتی کوردیش سەربەخۆیی کوردستان بە خەون دەزانن ، زیرەک بە (( کرماشان شاری شیرینم ، شاری گەورەی کوردنشینم )) ڕێگەی سازشی لەسەر سنوری جوگرافیایی کوردستان بەستووە ، دەسەڵاتداریّتی کوردیش کەرکوک بە ژمارە مردووەکەی ١٤٠ ەوە دەبەستنەوە ، زیرەک لە نێو گۆڕیشدا هاوڕێی هونەرمەندی ڕەسەن و زەحمەتکێشی نەتەوەکەیەتی و پێشوازی لە قالەمەڕەی شمشاڵژەن کردووە کە لە کونی شمشاڵەکەیەوە جوانی و خۆشەویستی و عەشق و ئەوینی دەباراند ، دەسەڵاتداریّتی کوردیش هەمیشە ئامێزیان بۆ ئەردۆگان و خامەنەئی و فەرخەسەدامەکان لەسەرپشتە ، زیرەک گیرفانی خۆی لە ئۆغری خەڵکدا دادەنا و دەسەڵاتداریّتی کوردیش خەڵک لە ئۆغری گیرفانی خۆیاندا لە گرەو دەنێن !

زیرەک ئاوێتەی کاسەدۆی ماڵەگوندنشینان ، گاسنی جوتیاران ، مێرگوڵی کوێستانان ، ماندوێتی ڕێبواران ، ئارەقەی هەنیەی کیژان ، ئاوێزانی جێژوانی گەنجان ، خەڵوەتی عاشقان ، کەرنەڤاڵی خۆشەویستان ، لاوانەوەی منداڵە بێنازەکان دەبوو ، عەشقی گۆرانی بێئۆقرەی کردبوو ، تەمەنی بە گەڕیدەیی و گەڕان بە دوای سروشتی جوان و ئاوازی جۆشدار و گۆرانی خرۆشدار بردە سەر ، ئەوەی لە ناخیدا گینگڵی دەدا ، ئەوەی هەناوی دەوروژاند وایلێکردبوو (( جێیەک نەبێ تێیدا بسرەوێ )) ، ئەو ڕوحی ، دڵی ، هەستی ، نەستی ، هێز و وزەی لە قورگیدا کۆوە بوون ، نەدەسرەوت ئەگەر ژێیەکانی گەرووی بە خۆشترین ، نایابترین ، جوانترین و پیرۆزترین گۆرانی نەلەراندبایەتەوە ، گەروی زیرەک تەنها پڕ نەبوو لە ژێ ، پڕ نەبوو لە نۆتەی مۆسیقی ، پڕ نەبوو لە ئاواز ، پڕ نەبوو لە گۆرانی ، پڕ نەبوو لە ئامێرەکانی مۆسیقا ، گەرووی زیرەک لێوانلێو بوو لە دانسقەترین سیمفۆنیای ژیان ، ناوازەترین گۆرانیی سروشت ، بەپێزترین ئاوازی ئەوین ، نایابترین دەربڕین ، غەمناکترین یاخیبوون ، یاخیبوون لە ستەم ، لە نادادی ، لە دزێوی و ناشیرینییەکان ، گەرووی زیرەک گڕی شوعلەی شۆڕشی بەڕەنگاربونەوە بوو ، کڵپەی جۆشسەندووی ئاگری بەتینی ناخی مرۆڤانە بوو ، بۆیە دەکرێ بڵێم زیرەک نە پێشتر بووە و نە لە سەردەمی خۆیدا هەبووە و نە لە دوای خۆشیدا دەبێ ، ئەو نەک کەمهاوتا بەڵکو بێهاوتایە ، ئەو نەک دەگمەن بەڵکو بنبڕ هاوشێوەی نیە ، ئەو نەک هونەرمەند بەڵکو خوداوەندە و لەویش بەولاتر کەسێک نیەک وەکو ئەو بوبێ یان ببێ .

زیرەک گەورەترین دیکتاتۆری مێژووە ، بەڵام دیکتاتۆرێکی پیاوکوژ و خوێنمژ نا ، ئەو گەورەترین دیکتاتۆری ئاواز و گۆرانی سەرگۆی زەوی و مێژووی مرۆڤایەتیە کە جوانپەرستی و خۆشەویستی و سروشتپەرستی و مرۆڤپەرستی و هەقپەرستی و نەتەوەپەرستی و خاکپەرستی و عەشق و ئەوینی پاوان کردبوو ، تەواوی هەست و نەستی ئینسانیی لە ناخی خۆیدا قۆرخ کردبوو ، گشت ئەمانەشی لە دەروازەی گەروویەوە بەڕەڵا دەکردە دەشت و کێو و زنار و بنار و کەنار و زەوی و ئاسمان .



زیرەک منەتی بەسەر کەسدا نەکردووە ، چونکە گۆرانی وتنی ئەو سروشێکی سروشتی بووە و نەیهێڵاوە گینگڵ بدا و لە گەرووەوە نازدارەکەی خۆیدا خەفەی بکات و بیتاسێنێ ، هەر کاتێک فشاری گۆرانیوتنی بۆ هاتبێ کات و شوێنی بەلاوە گرنگ نەبووە و چی بۆ هاتبێ ئەوەی وتووە و لەو پێناوەشدا باجی گەورەی داوە ، گەرچی هەوڵ درابێ بە بەندی و دەربەدەری و ئازار و ئەشکەنجە تەنگی پێهەڵچنن ، زۆڵە کوردانی ئێستگەکانی تاران و کرماشان و بەغدا دەرگای بە ڕوودا دابخەن ، ئەو نەبادانە کاری خۆی بەجێ هێناوە ، بە سروشتی کوردستان و سنوری کوردستان و کوڕ و کاڵی کوردستان و جوتیاری کوردستان و ڕێبواری کوردستان و شار و دێهاتی کوردستاندا ئیلهامی بەرهەمهێناوە ، نەخوێندەواری نەیتوانیوە ڕێگەی لێبگرێ ، بۆیە مامۆستایانە شیعرەکانی هێمن گۆران و ناڵی و قانع و بێکەس و هەردی و تایەربەگی جاف و پیرەمێردی بە دەنگە پڕسۆزەکەی ئاو داوە ، لە سەرووی هەموو ئەمانەوە ڕاشکاوانە پڕ بە گەرووی هاواری کوردانەی کردووە : (( نە حیزبیم و نە جاشی )) ی بەڵگەی بەرجەستەی نەتەوەپەروەری و واتای (( کوردی بێغەل و غەش )) ی زیرەک دەردەخەن ، زیرەک گۆرانی بۆ گەل و نەتەوەکەی چڕیوە ، وەکو کوردێکی ستەمدیدە هەموو ژیانی سیخناخ بووە لە نەهامەتی ، هەر لە مێرمنداڵییەوە تا ئەو کاتەی شۆڕ بۆتەوە بۆ ناو دوائارامگای ، خۆی وتەنی : (( بۆچ من لە جوملەی عەبدی خودا نیم ..... سەعاتێ لە دەس میحنەت ڕەها نیم )) ڕۆژگاری گوزەراندووە ، تەنها ئەو کاتانە دڵخۆش بووە کە بە دەنگە حەسرەتاوییەکەی بۆ منداڵەکانی لاواندوویەتیەوە و وتویەتی : (( تاقە گوڵەکەی من مەهتابە ..... ماچی بۆ من شەرابە )) ، (( تاقە گوڵەکەی من ئارەزوو ..... بۆم ببە بە گوڵ زووبەزوو )).

پێویست ناکات من بڵێم یادی پیرۆز ، چونکە یادی زیرەک پیرۆزە و هەر بە پیرۆزیش دەمێنێتەوە ، بەڵام شەرمەندەم لەوەی نەمتوانیوە لە حزوری گەورەیی زیرەکدا شتێک بڵێم دڵی تینوم ئاو بخواتەوە ، چونکە ئەو کاتە ویژدانم ئاسودە دەبێ کە لە پرۆگرامەکانی خوێندندا منداڵە چاوگەشەکانمان ئاشنای ژیان و لایەنە شاراوەکانی زیرەک بن ، لێکۆڵینەوەی زانستیانەی لەسەر بکرێ و نامەی دکتۆرای لەسەر وەربگیرێ ، میدالیای ڕێزلێنانی هونەری و فیستیڤاڵە هونەرییەکانی بە ناوەوە بنرێ ، زراڤترین پەیکەری ببێتە هێمای ناونیشانی هونەریی کوردەواریمان و ( پێڵاو ، تەسبیح ، کڵاو ، مشکی ، جەمەدانە ، جلوبەرگ ، دەسرێ ، پشتێن و شتە جێماوەکان ) ی کۆ بکرێنەوە و لە مۆزەخانەیەکی تایبەتدا هەڵگیرێن و بپارێزرێن ، بەڵام لەبەرئەوەی سامانی زۆروزەوەند بەم کارە کۆ ناکرێتەوە بۆیە پێموایە دەسەڵاتداریّتی ئێستای کورد تا ئەو کاتەی نەوت وەستابێ ئەم ئەرکە بە هی خۆیان نازانن ، بە هیوام مێژوو خۆی لە ئاستی زیرەکدا شەرمەزار نەکات و لە دوارۆژدا مافی ڕەوای زەوتکراوی خۆی بۆ بگەڕێنێتەوە.

مالپەڕی هیوا ڕەش

سەرچاوە
Serchawe

# دوای 75 ساڵ هەڵبوون چۆنیەتی ڕفاندنی کچی کافرۆش بڵاو دەکاتەوە

جێرۆکێک دوای ٧٥ ساڵ هەڵبوون چۆنیەتی ڕفاندنی کچی کافرۆش بڵاو دەکاتەوە

کیژەکەی کافرۆش"خەجیج" مۆنالیزای کورد، بەهۆی جوانییەکەی ئەفسەرێکی ئینگلیز لە هەولێر دەیرفێنێ و دەیبا بۆ بەریتانیا

(خەجیج جومعە مەولود شکاک) کە لەناو کوردان بە کیژەکەی کافرۆش ناسراوە، ساڵی١٩٣٤ لەو کاتەی کە تەمەنی لە کچێکی دوانزە ساڵیدا بەولاوە زیاتر نەبوو لە ڕێگای گەڕانەوەی بۆ ماڵەوە لە نزیک تەکیەی شێخ عەبدولکەریم لە شاری هەولێر، لە لایەن ئەفسەرێکی باڵای سوپای ئینگلیز کە ئەوکاتە ئێراق لە ژێر فەرمانڕەوایەتی ئەوان دادەبێت، لە دوای چەند جارێک خوازبێنی کردن و وەرنەگرتنەوەی وەڵامێکی ئەرێنی لە لایەن باوکییەوە، لە ڕێگای گەڕانەوەی و جێهێشتنی دوکانی کافرۆشی باوکی بە چەند خولەکێک، دەڕفێنرێت. بە چەند مانگێکیش دوای ڕفاندنەکەی، باوکی خەجیج "کچی کافرۆش" پاش تۆمارکردنی داواکەی لەلایەن بنکەی پۆلیسی جولەکەکان لە گەڕەکی تەعجیل ئاگادار دەکرێتەوە کە کچەکەی لە وڵاتی بەریتانیایە.

شێرزاد محەمەد، برازاکەی خەجیج درێژە بە قسەکانی دەدا و دەڵێ "باوکی خەجیج کە دەکاتە باپیرەی من، هەم سەرکردەیەکی سەربازی و هەم هەڤاڵ و دۆستی سمایل ئاغا "سمکۆی شکاک"بووە، لە دوای بە ناهەق کوشتنی سمایل ئاغا لە لایەن ڕژێمی شاهەنشایی ئێران لە ساڵی ١٩٣٠ بە نائومێدی باروبنەی تێکدەنێ و ساڵی١٩٣٤ گوندی "گەنگەچین" لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان جێدێڵێت و خۆی و کچ و کوڕە جمکەکەی "خەجیج و محەمەد" لەگەڵ دوو کچی سمکۆی شکاک "سافیە و سورمێ" لە هەولێر دەگیرسێنەوە.



کوڕە براکەی کچی کافرۆش دەڵێ، ئەو چی لە باوکی گوێ لێبووە ئەوەش بۆ ئێمە دەگێڕێتەوە "باپیرم لە ساڵی ١٩٣٤ بە پەناهەندەیی کەوتە ئێراق و لە شاری هەولێر گیرسایەوە، ئەو کاتە خەجیجی پوورم و براکەی کە باوکی منە هەردووکیان تەمەنیان دوانزە ساڵ بوو، چونکە جمکبوون و لە ساڵی ١٩٢٢ لە دایکببوون، جگە لەم دووانەش باپیرم هیچ منداڵێکی دیکەی نەبووە".

ئەو برازایەی خەجیج دەڵێ، داپیرەم کە دەکاتە دایکی کچی کافرۆش بە بنەچە ڕووسی بووە، باپیرم لە دوای ژیانی هاوسەرێتیان ناوەکەی کردبووە "مەنیج" کە وەکو باوکم دەیگێڕایەوە ژنێکی باڵابەرزی پرچ زەردی چاوشینی سوروسپی و جوان بووە، بەڵام باپیرم ئەوی بەو نیازە لە گەنگەچین جێهێشتبوو کە لە هەولێر جێگیربێت و پاشان بگەڕێتەوە و ئەویش بهێنێتەوە لای خۆی، بەڵام دوای دوو مانگ لە هاتنیان بۆ هەولێر لە ساڵی١٩٣٤ باپیرم بە نیازی هێنانی ئەویش بۆ هەولێر سەر لە گوندەکەی دەداتەوە، بەڵام داپیرەم نائومێد ببوو گەڕابۆوە ڕووسیا".

شێرزاد دەگەڕێتەوە سەرباسی پوورەکەی و هۆکاری ناونانەکەی بە کچی کافرۆش زیاتر ڕووندەکاتەوە و دەڵێ، لەبەر ئەوەش بە کچی کافرۆش ناسرابوو "باپیرم کە هاتە هەولێر هیچ کارێکی نەدەزانی و کەسیشی نەدەناسی، بۆیە دوکانێکی لە نزیک سینەما حەمرا بە کرێ گرتوو کای دەفرۆشت، لە پاڵ کافرۆشییەکەی قەسپی حەشرەیشی دانابوو، بۆیە ئەو خۆشناوانەی لە گوندەکانی سەرەوە ترێ و میوەیان دەهێنایە ناوشاری هەولێر هەموویان کایان بۆ وڵاغەکانیان لە جومعە کافرۆشی باپیرم دەکڕی". هەرئەمەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە خەجیجی کچی بەو ناوە بناسرێتەوە.

شێرزادی تەمەن پەنجا ساڵە کە تاقە یادگاری بنەماڵەی کچی کافرۆشە لە هەولێر، لەسەر قسەکانی بەردەوام دەبێ و لە باوکیەوە دەگێڕێتەوە و باسی ئەو ڕۆژە دەکات کە خەجیجی پووری دەڕفێنن "باپیرم خانووێکی لە حەساری ماڵی شێخ عەبدولکەریم لە نزیک گۆڕستانی شێخ ئۆمەر بەکرێ گرتبوو، بەیانییەک دوای نانخواردن، دوای ئەوەی باپیرم دەچێت بۆ دوکان، ئەوانیش هیچ خزم و کەسێکیان نەبوو لە هەولێر، وەکو زۆربەی ڕۆژەکانی دیکە پوورم بە باوکم دەڵێ "بابچینە دوکانی باوکم، دەچنە دوکانی باپیرم و ماوەیەک دادەنیشن و هەندێ قەسپ دەخۆن، پاشان پوورم دەڵێ، من دەچمەوە ماڵ و نانی نیوەڕۆ حازر دەکەم. باپیریشم دەڵێ تۆ بڕۆوە ماڵ و محەمەد با لە دوکان بێت من لەگەڵ خۆم دەیهێنمەوە".

شێرزاد دەڵێ "خەجیجە شکاکی پوورم لە ڕێگای گەڕانەوەی بۆ ماڵ، بەر لەوەی بگاتە تەکیەی شێخ عەبدولکەریم بە گوتەی ئەوانەی کە بینیبویان سەیارەیەکی پڕ لە چەکداری ئینگلیز پێشی لێدەگرن و بە پاڵ دەیهاوێنە ناو ئۆتۆمبێلەکە و دەیرفێنن، یەکێ لەو کەسانەش کە ڕووداوەکە بە چاوی خۆی دەبینێ باپیرم دەناسێ و یەکڕاست دێتە دوکان و بە باپیرم دەڵێ ئینگلیز کچەکەیان ڕفاندی. پاش گەڕان و سوڕانێکی زۆر، تورکمانەکانی سەر قەڵات کە دەبینن جومعە کافرۆشی باپیرم بێکەسە لە هەولێر ئامۆژگاری دەکەن بچێتە بنکەی پۆلیسی جولەکەکان لە گەڕەکی تەعجیل و داوایەک لەسەر ڕفێنەرانی کچەکەی تۆماربکات، دوای سێ مانگ لە هات و چوون بنکە پۆلیسییەکەی تەعجیل باپیرم ئاگادار دەکەنەوە کە خەجیجی پوورم لە ئێراق نەماوە و بردوویانە بۆ بەریتانیا".

خەجیجی کچی کافرۆش لە تەمەنی دوانزە ساڵی دەڕفێنرێت و لە ساڵی ١٩٣٦ دوای دووساڵ لە ڕفاندنی وێنەکەی بە ناوی کچی کافرۆش بە هەموو کوردستان بڵاودەکرێتەوە.

شێرزاد محەمەد لە وەسفی خو و خەسڵەتەکانی خەجیجە شکاکی پووری دا، دەڵێ "ئەوەی کە لە باوکم گوێ لێبووە، ئەو زۆری کەیف بە جلوبەرگی ژنانەی شکاکی هاتووە، بەردەوام فیستان و کراسی لەبەر کردووە و زۆربەی کراسەکانیشی سووربووە، چونکە زۆری حەز بە ڕەنگی سوور کردووە، قایشی زێڕیشی لەسەر کراس بەستاوە و باپیرم لەبەر خۆشەویستی زۆری بۆی کڕیوە". ئەو خواردنانەشی کەوا کچی کافرۆش حەزی پێکردووە، وەکو شێرزاد لە باوکیەوە دەگێڕێتەوە "کچی کافرۆش زۆری حەز لە دوو جۆرە خواردن بووە، کە یەکێکیان کفتەی حەجەمی و ئەوەی دیکەش "

گردۆڕ" بووە کە جۆرە خواردنێکی شکاکانە و تێکەڵەیەکە لە برنج و ماست و گۆشت و هەمووی بەیەکەوە دەکوڵێنرێت".

شێرزاد ئەوەشی گوت، کە بەرپرسەکەی ئینگلیز بەر لەڕفاندنی کچی کافرۆش چەند جارێک خوازبێنی لە باپیری کردووە و ئامادەیی خۆشی دەربڕیوە کە هەرچەندەی ئەوان داوابکەن لە لیرەی ڕەشادی و ماڵی دنیا، ئەو بۆیان جێبەجێبکات، بەڵام هەموو جارێک جومعە کافرۆشی باوکی دەڵێ ئێمە پەناهەندەین لێرە و شەرەفی خۆمان بۆ ماڵی دنیا نافرۆشین.

کە کچەکەشی دەرفێنن، وەکو شێرزاد دەیگێڕێتەوە "باوکی لە داخی ئەوەی بەرپرسێکی گەورەی سمکۆ شکاک بووە و لە هەولێر پیشەی بوو بە کافرۆشی، هەروا لە غەریبی کچەکەشی شونبزردەبێت و دەرفێنرێت، هەردوو چاوەکانی کوێر دەبێت".

بە گوتەی ئەو برازایەی کچی کافرۆش، لە دوای پێنج ساڵ بەسەر رفاندنی کچەکەی جومعەی باوکی کۆچی دوایی دەکات و لەسەر وەسیەتی خۆشی لەسەر مەیدان لە شەقڵاوە دەنێژرێت.

ئەو دووبارەی دەکاتەوە و دەڵێ "ئەو قسانەم هەمووی بە منداڵی لە باوکم گوێ لێبووە کە برا تاقانەی پوورم بووە، ئەو چۆنی بۆ گوتومە منیش ئەوە بۆ ئێوە دەگێڕمەوە".

بۆ سەلماندنی هەموو ئەو چیرۆکانەی کە شێرزاد لە بارەی باپیرەی کە یەکێ لە سەرکردەکان و هەڤاڵی سمکۆی شکاک بووە هەروەها پووری کە لەناو کورد بە کچی کافرۆش ناسراوە، ئەوەش دەکاتە بەڵگە کە بۆخۆشی وێنەیەکی کچی کافرۆشی لابووە "وێنەکە ڕەش و سپی بوو، پوورم و باوکم و باپیرم بەیەکەوە گرتبوویان، باپیرم لە ناوەڕاستی هەردووکیان وەستابوو و دەستی خستبووە سەرشانیان".

وێنەکەش هەمان ئەو وێنەی کچی کافرۆش بووە کە بڵاوکراوەتەوە.

http://www.kurdhackteam.com/forum/archive/index.php/thread-759.html /

KurdHackTeam تیمی هەککەرانی کورد

٢٣ی جوولای ٢٠١٠

# لە کۆچی قاسملوو دا

جەلال مەلەکشاە




کە تۆیان کوشت دەستیان شکێ،
بەهێزترین ئەستووندەکی تاوڵی مرادی کورد شکا.
کە تۆیان کوشت چاویان کوێر بێ،
گەشت کوردستان زریکاندی
کە تۆیان کوشت کۆستیان کەوێ،
گڕ کەوتە خەرمانی کورد هەتا بۆی کرا سووتاندی
جرجە مشکی خاوەن گەرای شوومی تاعوون،
و ایانزانی ئیدی دەریا
تەنانەت یەک هەناسەش وێی ناکەوێ
تا وەخرۆش کەوێتەوە.
وایانزانی ئەوی چوو چوو.
نا یەتەوە،
نەیانزانی گڕکان دوای دامرکانیشی
سەرلەنوێ گڕ دەگرێتەوە
کوردستانیان نەناسیبوو
نەیانزانی کوردستان گشتی گڕکانە.
لە نێو دڵی زامداری دا ژانەکانی هەڵدەگرێ،
پەنگ بە خەفەتەکان دەدا،
فرمێسکەکان دەخواتەوە،
جارجار خۆی رادەچڵەکێنێ‌و هەرمانی خۆی دەسەلمێنێ.
بە ئاگری یادی شەمە کوژراوەکان هەر دەکوڵێ،
هەر دەکوڵێ هەتا هێندەی
باڵای بەرزی سەربەرزیی سەردارەکانی گڕدەگرێ.

سەرچاوە
Serchawe

# تەندروستی

## بە چ خۆراکێک ئاستی قەلەقی و پاڵەپەستۆی خوێن کەم دەبێتەوە؟



ئەو خۆراکانەی خوارەوە کە پڕن لە ڤیتامینات و مادەی سروشتی بەسوود بۆ جەستە ، وە یارمەتی کەمکردنەوەی ئاستی قەلەقی و فشاری خوێن دەدەن لەناو خوێندا . کە ئەوانیش ئەمانەن:-

پرتەقاڵ : لێکۆڵینەوەیەکی ئەلمانی لە Psychopharmacology دەڵێت" ڤیتامین "ج" یارمەتی کەمکردنەوەی هەڵچوون و فشاری خوێن و هۆرمۆنی کورتیزۆل دەدات بۆ ئاستێکی سروشتی ، وە ئەم ڤیتامینە بەناوبانگە بە چالاککردنی کۆئەندامی بەرگری جەستە .

پەتاتەی شیرین : پەتاتەی شیرین یارمەتی کەمکردنەوەی ئاستی قەلەقی دەدات ، چونکە تێربوونی ئارەزوو بە نیشاستەو شەکرە بە ڕێگەیەکی سروشتی دەبین دەکات ، کە لە بیتا کارۆتین و ڤیتامینات پێکهاتووە ، ئەمانەش یارمەتی چارەسەرکردنی کاربۆهیدرات دەدات بە شێوەیەکی لەسەرخۆ .

قەیسی وشککراو : قەیسی دەوڵەمەندە بە مەگنسیۆم ، کە ئەمەش یارمەتی کەمکردنەوەی ئاستی هەڵچوون و شڵ کردنەوەی ماسولکەکان دەدات بە شێوەیەکی سروشتی .

باوی و فستەق و گوێز : باوی دەوڵەمەندە بە ڤیتامین "B و A" ، کە ئەمەش یارمەتی بەرزکردنەوەی سیستەمی بەرگری دەدات ، لەلایەکی تریشەوە گوێزو فستەق ئاستی پاڵەپەستۆی خوێن کەم دەکەنەوە

گۆشتی عەلەشیش : گۆشتی عەلەشیش لە ترشی ئەمینی ناسراو بە " tryptophan" پێکهاتووە ، کە ئەم ترشە هۆکاری بەرهەمهێنانی هۆرمۆنی " serotonin"ە ، کە مادەیەکی کیمیاوی بەسوودە و مێشک دەری دەدات .

سپێناغ : کەمی ئاستی مەگنسیۆم دەکرێت ببێتە هۆی تووشبوون بە سەرئێشە ، وە بۆ خۆپاراستن لەم حالەتە پێویستە ڕۆژانە یەک کوپ لە ئاوی سپێناغ بخۆینەوە ، چونکە ٤٠% پێویستی ڕۆژانەی جەستە لە مەگنسیۆم دابین دەکات .

ئەفۆکادو : ئەو چەوریە ناتێرەو پۆتاسیۆمەی لەناو ئەفۆکادودا هەیە ، ئاستی پالەپەستۆی خوێن کەم دەکاتەوە ، وە توێژەران لە پەیمانگای نیشتیمانی بۆ دڵ و سییەکان دەڵێن" ئەمە باشترین ڕێگایە بۆ کەمکردنەوەی پاڵەپەستۆی خوێن .

خەزرەواتی سەوز : قەرنابیت خەزرەواتێکی گەلای سەرچاوەی هێزی ڤیتامینەکانە ، کە یارمەتی دووبارە بەخشینی هێزو وزە دەداتەوە بە جەستە لەکاتی غەمباری و هەڵچووندا .

## کەم و زۆر نووستن زیان بە تەندروستی دڵ دەگەیەنێت



لێکۆڵینەوەیەکی تازەی زانستی دەڵێت" هاوسەنگی لە کاتژمێرەکانی نووستندا باشترین هەنگاوە بۆ بەهێزکردن و چالاککردنی دڵ ، چونکە ئەو هەرزەکارانەی کەمتر لە شەش کاتژمێر یان زیاتر لە هەشت کاتژمێر لەکاتی شەودا دەخەون ، ئەوا زیاتر تووشی کێشە جیاوازەکانی دڵ دەبنەوە .

دکتۆر ڕوهیت ئەرورا سەرۆکی بەشی دڵ لە کۆلیژی پزیشکی زانکۆی شیکاگۆی ئەمریکا دەڵێت" نووستن بۆ ماوەیەکی کەم مەترسی تووشبوون بە جەڵتەو کێشەکانی دڵ و لاوازی دڵ بەرزدەکاتەوە ، لەلایەکی تریشەوە ئەو کەسانەی بۆ ماوەیەکی زۆر دەخەون ، مەترسی تووشبوون بە ئازارەکانی سینگ و نەخۆشی خوێنبەرەکان بەرزدەکاتەوە ، لەگەڵ تەسکبوونەوەی ئەو خوێنبەرانەی خوێن و ئۆکسیجین بۆ دڵ دەبەن .

جێی باسە ئەم لێکۆڵینەوەیە لەسەر شیکردنەوەی زانیاریەکانی زیاتر لە ٣،٠٠٠ کەسی تەمەن سەرووی ٤٥ ساڵی ئەنجامدراوە ، کە لەلایەن تەندروستی نیشتیمانی ئەمریکا چاودێریان کراوە .

بە پێی لێکۆڵینەوەکە ئەو کەسانەی بێبەش دەبن لە کاتژمێرەکانی نووستنی تەواو ، ئەوا زیاتر تووشی جەڵتەو نەخۆشیەکانی دڵ دەبنەوە ، بە ڕێژەی دووجار زیاتر لەچاو ئەوانەی بۆ ماوەیەکی تەواو دەخەون ، هەروەها مەترسی لاوازی تواناى دڵ بە ڕێژەی ١،٦ جار زیاتر دەبێت لەچاو کەسانی ئاسایدا .

لەلایەکی تریشەوە مەترسی تووشبوون بە نەخۆشی خوێنبەرەکان لەلایەن ئەو کەسانەی زیاتر لە هەشت کاتژمێر دەخەون بە ڕێژەی ١،١ جار زیاتر دەبێت ، لەچاو ئەوانەی کەمتر لە هەشت کاتژمێرو زیاتر لە شەش کاتژمێر دەخەون .

## قاوە مەترسی توشبوون بە شێرپەنجە کەمدەکاتەوە



لە توێژینەوەیەکی پزیشکی نوێدا کە لەسەر ١٢ هەزار کەس ئەنجامدراوە، دەرکەوتوە کە قاوە هۆی کەمکردنەوەی خانەکانی شێرپەنجەی ( basal carcinoma)ە ، کە جۆرێکە لە جۆرەکانی شێرپەنجەی پێست .

توێژەرەوەکان لە زانکۆی (هارڤارد)ی ئەمەریکی ئاماژە بە گرنگی خواردنەوەی قاوە دەکەن بە جۆرێک (لە دوکوپ زیاتر لە رۆژێکدا)، دەبێتە هۆی لاوازکردنی مەترسی توشبون بە جۆرێکی شێرپەنجە کە ناسراوە بە (میلانوما) .

هەروەک ئامۆژگاری ئەوەش دەکەن رۆژانە قاوە بخۆینەوە، بەوپێیەی سودی زۆرە بۆ تەندروستی و جگە لەوەش، دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی توشبون بە نەخۆشییەکانی دڵ و نەخۆشی ئیفلیجی گشتی .

کوردستان تی ڤی

# پەندی پێشینیان



کاسەی پڕ ئاشتی ماڵە

گۆزەی تازە ئاوی خۆشە

ئەو ماستە بێ موو نی یە

بەری ڕۆژ بە بێژنگ ناگیرێت

هەر دووک جاشی ماکەرێکن

ئەوەی بەرز بفرێت نزم ئەنیشێتەوە

لە کانی یەک ئاوت خواردەوە لێڵی مەکە

راستی ، یەک ریگای هەیە بەڵام چەوتی هەزار

دڵی ئافرەت وەکو عەمبەر وایە کەس بۆنەکەی نازانێ تاوەکو دەسووتێ

ئەگەر ئافرەتت هەڵبژارد بابە گوێیەکانی بێت نەوەک بەچاوەکانی

بروام کرد کە هیچ شتێک نیە بەقەد بیرکردنەوە ئازار کێش بێت

هەولبدە لە یەک کاتدا تەنها بیر لە یەک شت بکەتەوە

ئافرەتی جاک و تەندروستی پاک گەنجینەی پیاوە

هەزار دۆست، قەت کاری دوژمنێک ئەنجام نادەن

مەیمون بۆ خۆی نەبوو سورێژەشی لێ هات

ئەوەی نیە لە مالان ئاگای نیە لە حاڵان

برادەری دلسۆز دەرمانی ژیانە

سوپاسی سەرەتا مەکە تا کۆتایی

شەل نی یە پێ ی شکاوە

دەنگی دەهۆل لەدورەوە خۆشە

بەردی گەورە نیشانەی نەهاویشتنە

بەردی بچوک سەری گەورە دەشکێنێ

ئەگەر زگ برسی بوو چاو کوێر دەبێ

بە عارەبانە ناتوانین سەر کەوین بۆ ئاسمان

کوێر تا ئەمرێ بە تامای دوو چاوی ساغە

لە ئاش زۆری پێچووە ، لە ڕێگا پەلە پەلیەتی

ئاش لە خەیاڵێک ، ئاشەوان لە خەیاڵێک

تا خاوەن ماڵ دزی گرت ، دز خاوەن ماڵی گرت

مریشک هێلکەی قازی کرد قنگی دڕا



ماڵپەری شارەزۆرپۆست

# ئاوێزان .



**پایزە ئەحمەد**

سەرلەسپێدان کە رادەبم
دڵم خولیای تیشکی خۆرە و
پەڵەهەورەکان بەریان گرتوە..
سەرلەسپێدان کە رادەبم
تامەزرۆی بینینی
چاوە شینەکانی ئاسمانم و
هەورە ئەبەنووسییەکان دیلیان کردوون.
بەرەو جێژوانی جاران هەنگاو دەنێم
رێگەکەم درێژ و درێژتر دەبێتەوە..
پێکێک شەراب هەڵدەگرم
وردوخاش دەبێ لە دەستم..
هەناسەیەک.. دووان.. سیان.. هەڵدەکێشم
ئۆخە ناکەم.. سییەکانم تەنگ دەبنەوە.
ئەی من چی بکەم. بۆ کوێ بڕۆم
کام پەناگە لە خۆم دەگرێ
لە کام جێژوان ئۆقرە بگرم؟؟؟؟
سازش لەتەک کامە هەور.. نامدۆرێنێ؟
کام هەناسە.. نەرمە سۆزێک دەبارێنێ؟
کام پێکی مەی مەستم دەکا.. دەمفڕێنێ؟
دەی دەبا
ئەسپە سەرشێتەکانی ناخم بەرهەڵبدەم
سەنگەری چاوەڕوانیی
هەورە رەشەکان بەجێبێڵم.
دەی دەبا
لە باوەشی گەرمی تۆدا
بە پێکێک مەی تەڕببمەوە.. رابیمەوە
لە هەناسەم گوڵ ببارێ
ئاوێزانی خۆرەتاوی خۆم ببمەوە.

*ماڵپەڕی پایزە ئەحمەد*




**گەلاوێژ** **٢٧١٢ کوردی** **Gelawij**

| شەممە | یەک شەممە | دوو شەممە | سێ شەممە | چوار شەممە | پێنج شەممە | هەینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ١ 22 | ٢ 23 | ٣ 24 | ٤ 25 | ٥ 26 | ٦ 27 |
| ٧ 28 | ٨ 29 | ٩ 30 | ١٠ 31 | ١١ Agu 1 | ١٢ 2 | ١٣ 3 |
| ١٤ 4 | ١٥ 5 | ١٦ 6 | ١٧ 7 | ١٨ 8 | ١٩ 9 | ٢٠ 10 |
| ٢١ 11 | ٢٢ 12 | ٢٣ 13 | ٢٤ 14 | ٢٥ 15 | ٢٦ 16 | ٢٧ 17 |
| ٢٨ 18 | ٢٩ 19 | ٣٠ 20 | ٣١ 21 | | | |

# کەرکوک

ڕەحمان نەقشی